DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi10.21



Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئینتیما
# لەنێوان کوردبوون و موسوڵمانبوون دا

**دکتۆر ئیبراهیم سادق مەلازادە**

**زانکۆی سۆران، بەشی کۆمەڵناسیی**

ibrahim.sadiq@soran.edu.iq

**پوختە**

توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژییانەی بەراوردکارییە سەبارەت بە پرسی ناسنامە لە نێوان ئایین و نەتەوەدا. جۆرێکە لە بەراوردکاریی لەنێوان کۆی گشتیی هەڵوێستی تاکەکان، کە لە وتارەکانییان دا دەریانبڕیوە، لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسیی، کە بە شێوەیەکی تایبەت ئاڕاستەی ئەو کەسانە کراوە کە خۆیان بە ئیسلامیی داناوە، چ لەناو گرووپێکی سیاسیی یا ئایینیی دا، یان بەتەنیان، لە باشووری کوردستان.

ئینتیمای ئیسلامییەکانی کورد لەباشووری کوردستان، بۆ نەتەوەیە یان بۆ موسڵمانبوونە، یان بۆ هەردووکییانە یان بۆ هیچیانە؟ ئایا ئەو کەسانە دەیانەوێت سیستمی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بگۆڕن یان نا؟ ئەم جۆرە ئینتیمایە، یەکێکە لەو پرسە ئیشکالئامێزانەی کە لە واقیعی ئەمڕۆی باشوری کوردستان دا، پێویستیی بە ڕۆشنکردنەوەی زیاتر و گرنگیپێدانی زیاتر هەیە. گرنگیی ئەم لایەنەش، ڕێگرییکردنە لە ئەگەری پێکدادانی هەڵگرانی ئەو دوو ئینتیمایە لەڕێگای چارەسەرکردنی پێشوەختەی ئەو ئیشکلایەتە. بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانە، پشت بە دوو میتۆدی جیاوازی تێکهەڵکێش بەستراوە، یەکەمیان؛ چاودێرییکردنی وتاری ژمارەیەك کەسە، کە سەر بە یەکێك لە ڕەوتە ئیسلامییەکانن، یان ئیسلامییانە بییردەکەنەوە، میتۆدی دووەمیش، ناردنی پرسیارنامەیەکە بۆ هەموو کەسانەی کە چاودێریی وتارەکانییان کراوە، بەتایبەتیش لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا.

وشە کلییلەکان

ئینتیما، ناسنامە، کوردبوون، موسوڵمانبوون، سیمبۆڵە کوردییەکان، باشووری کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان

Recieved: 12/9/2021
Accepted: 5/10/2021



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی

هەمـوو نەتـەوە ئـازادەکان و خـاوەن سـەروەرییەکان، کۆمەڵێـك خاڵـی هاوبـەش لەنێوانیانـدا هـەن بـۆ ئـەوەی لـە ئاکامـدا بتوانـن لەسـەر ئـەو خاڵانـە کۆببنـەوە و، سـەروەریی خۆیـان بپارێـزن. دەتوانیـن بـەو خاڵـە هاوبەشـانە بڵێیـن ناسـنامە، یـا ئینتیـما بـۆ نیشـتمان، یـا هـەر سـیمبۆڵێك کـە ئـەو سـەروەرییە بپارێزێـت. بـەڵام نەتـەوەی کـورد لەژێـر زەبـری دوو هـۆکاری سـەرەکیی دا؛ کـە بریتیـن لـە دابەشـوون و ژێردەسـتەیی نەتەوەکانی دیکـەی ناوچەکـە، نەیتوانیوە ببێتـە خاوەنـی ناسـنامەیەکی کۆکـەرەوە، یـا خاوەنـی سـەروەریی خـۆی. لەهەمـان کات دا، ئـەو فاکتەرانـەی کـە دەبنـە هـۆی جیابوونـەوە و لێکدابـڕان، زۆر زۆرن، هـەر لـە ئایدیۆلۆژیاکانـەوە بگـرە هەتـا دەگاتـە بەرژەوەندییـە جیـاوازەکان، یـان هـەر هییـچ نەبێـت، بەشـێوەیەکی کاتیـی وەهـا تێگەیشـتوون کـە بەرژەوەندیـی ئـەوان لـەو تاکتییکـەی ژیانـدا بـووە، یـان لەگرتنەبـەری ئایدۆلۆژیایەکـی تایبـەت دا بـووە.

قەدەرێکـە ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامیی (١)، خـۆی خزاندۆتـە نـاو هەمـوو کـون و کەلەبەرەکانـی کۆمەڵـگای کوردەواریـی، ئایدیۆلۆژیایـەك کـە لەخـودی خۆیـدا و، لەنـاو هەوادارانـی خۆیشـیدا ئـەوەی پیشـان داویـن کـە هێنـدەی ئـەوەی دابەشـکەرە، هێنـدە کۆکـەرەوە نیـە. سـەرەڕای ئـەوەی بەهـۆی نەبوونـی سـەروەریی نیشـتمانیی، بەهـۆی هەژموونـی ئـەو ئایدیۆلۆژیایـەی کـە شـەرعییەتی خـۆی لـە ئایینـی زۆرینـەی خەڵـك وەردەگرێـت، توانیویەتـی بـۆ خـۆی پانتاییـەك لەنـاو هەسـت و خواسـت و خەونەکانـی مرۆڤـی کـورددا دابڕێـت و، بتوانێـت بەجۆرێـك لـە جـۆرەکان ململانێـی هەمـوو پێکهاتـە سیاسـیی و ئایدیۆلۆژییەکانـی دیکـەی کـورد بـکات.

لـەم توێژینەوەیـەدا، هەوڵـدراوە پرۆسـەی ئینتیـمای ئیسـلامی سیاسـیی شـەن و کـەو بکرێـت، بـاس لـەو فاکتەرانـە بکرێـت کـە سیمای سـەرەکی ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامی سیاسـیین، بـە سەلەفییەتیشـەوە،کە هـەوڵ دەدات خـۆی لەژێـر ئـەو چـادرە گشـتییەی ئیسـلامی سیاسـیی دەربێنێـت و، خـۆی وەکـو خـودی ئاییـن بخاتـە سـەر شـانۆ. بۆئـەوەی دوایـی لـەو چوارچێوەیـە تێبگەیـن،کـە ئـەو توێژینەوەیـە کاری لەسـەر دەکات و ئـەو ئامانجـەش کـە دەیەوێـت پێـی بـگات.

پرسـیاری سـەرەکیی توێژینەوەکـە، کـە لەوانەیـە ڕۆژانـە بکەوێتـە بـەر گوێـمان، ئەوەیـە؛ ئایـا ئینتیـمای هەڵگرانـی ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامی سیاسـیی، بـۆ کوردبـوون یـا موسـوڵمانبوون، بـۆ هەردووکیـان یـان هییچیـان؟ ئایـا ئامانجەکانیان زیاتـر بەدیـوی کوردبـوون دا دەڕۆن یـا موسـوڵمانبوون؟ بێگومـان دەکرێـت بوترێـت بـۆ نابێـت کوردبیـت و موسـوڵمانیش بیـت، لەوەڵامـدا دەڵێـم بەڵـێ زۆر بەئاسـانی، چونکـە لەمێـژووی پێـش سـەرهەڵدانی ئیسـلامی سیاسـیی، ئـەو دوالیزمـە بەتەواوەتـی ئاوێتـەی ئینتیـمای مرۆڤەکانـی ئـەو دەڤـەرە بـووە، خەڵکەکـە وەکـو نەتـەوە خـۆی بەکـورد دانـاوە و وەکـو دیندارییـش، موسـوڵمان، بـەڵام لەگـەڵ سـەرهەڵدانی فیکـر و ئایدیۆلۆژیـای پانئیسـلامی سیاسـیی و خەونـی گەڕاندنـەوەی خیلافـەت، هەوڵیـدا ئـەو هاوکێشـەیە تێکبشـکێنێت و موسـوڵمانبوون بـە دیـوە ئایدیۆلۆژییەکـەی، بکاتـە جێگـرەوەی نیشـتمان و نەتـەوە، بـەو مانایـەی سـنوورەکانی نەتـەوە ببڕێـت و خەڵکـی کوردسـتان لەنـاو بازنەیەکـی گەورەتـردا بتوێنێتـەوە و، بیـکات بـە هەڵگـری تەنهـا ناسـنامەی موسـوڵمانبوون(٢)، کـە هەڵگـری کۆمەڵێـك سـیمای جیهانیـی یاخـود یونڤێرسـاڵە بەهـۆی ئایینەکەیـەوە. لێـرەدا مـن بـاس لـەوە ناکـەم کـە ئـەو ئایدیۆلۆژیایـە باشـە یـان خـراپ، یـا تێکشـکاندنی ئـەو پانتاییـە نەتەوەییـە باشـە یـان خـراپ، بەڵکـو بـاس لـەو دۆخـە تایبەتییـەی کـورد دەکـەم، کـە تیایەتـی وەکـو نەتەوەیەکـی دابەشـکراو و بـێ سـەروەریی نیشـتمانیی لەبـەردەم ئیشـکالیەتی فرەناسـنامەیی دا.

بـەو شـێوەیە، بـۆ ناسـیینەوە و دەسنیشـانکردنی چوارچێـوەی ئینتیـمای ڕاسـتەقینەی ئـەو ئەکتەرانـەی کـە لەژێـر

کارایی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامییدان، لەچەند ڕوویەکەوە گرنگە.

یەکەم: لەڕووی مەعریفیی و ئەکادیمیاییەوە، هەوڵێکە بۆ زیاتر ناسینی هەڵگرانی هزری ئیسلامی سیاسیی و، خەون و دونیابینیی ئەوان بۆ ئایندەی نیشتمان و ئەو ئاڵۆزیانەی کە وڵات پێیدا دەڕوات. ئینتیمای تاکەکان زۆر جۆری هەن، گرنگە بزانین ئاخۆ ئەو ئینتیمایە دەکەوێتە کوێی کۆی ئینتیمای کۆمەڵایەتیی و ئینتیمای کۆدەنگیی نیشتمانیی. ئینتیماییێکە ئاخۆ لەدەرەوەی ڕایگشتیدا خۆی دەبینێتەوە یان لەناوەوە، ئینتیمایەکی توندە (Hard) یان نەرم (Soft). داخۆ لەکوێی خەون و ئاواتەکانی مرۆڤی کوردە، لە کاتێکدا کە نەیتوانیوە هیچ جۆرە سەربەخۆیی یا ئۆتۆنۆمییەکی بەردەوام بۆخۆی بەدەست بێنێت.

دووەم: یەکێك لەو خاڵانەی کە زۆرینەی کۆمەڵگا نیگەران دەکات، نەزانینی ئاراستەی ئەو کەسانەیە کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیین، چ لەگەڵ گروپێکدا کار بکەن یا لەدەرەوەی گروپە ئیسلامیەکاندا بن. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بایەخێکی تەواوی بۆ ناسینی ئەو کاراکتەرانە هەیە، لەسەر ئاستەکانی ئاساییشی نەتەوەیی و سنووردانان بۆ هەر جۆرە توندوتیژییەك کە لە ئایندەدا لەهەر گۆڕانکارییەکدا بۆی هەیە ڕووبدات. بێگومان، تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان، بەشێك لە کەسایەتیی خاوەنەکانیان دەردەخەن، بەڵام لەوانەیە هەمووی نەبێت، بۆیە لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەو ئیشکالیەتە چارەسەر بکرێت.

لەو پێودانگەشەوە، گریمانەی ئەو توێژینەوەیە ئاڵۆزە، بەقەد ئاڵۆزیی واقیع و بارودۆخی خەڵکی کوردستان لەباشوور(٣). ئینتیما، بەر لەوەی هەر شتێك بێت، خۆپابەندکردنە بەو ئایدیۆلۆژیایەی کە مرۆڤەکان بە ئامانجەکە دەبەستێتەوە. ئینتیما لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون، وەکو چوارچێوەیەك کە تاکەکان و گروپەکان بە وڵات و گەل و سیستمی سیاسیی و ئیداریی دەبەستێتەوە، بەڵام دەکرێت ئەو ئینتیمایە بەرامبەر ئینتیمای دیکە پاشەکشێ بکەن، یەکێک لەو ئینتیمایانەش ئینتیمای ئاینییە. هەرچەندە زۆر هۆکار هەن بۆ لاوازبوونی ئینتیمای هاوڵاتیبوون، بەڵام یەکێك لەو هۆکارە هەرە گرنگانە ئەڵتەرناتیڤی ئاینیی/سیاسییە، کە دەکرێت بەتەواوەتیی جێگای ئینتیمای نیشتمان و هەموو شتێکی تر بگرێتەوە، لەبەرامبەر کزبوون و لاوازبوونی پرسی هاوڵاتیبوون. ڕاستە کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش هەن لەنێوان مرۆڤی ئیسلامیی لەگەڵ مرۆڤێکی تر، لەپێشەوەی هەمووشیانەوە نیشتمان و نەتەوەن، بەڵام دەکرێت ئەو ئینتیمایە لەبەردەم هەڕەشەی ئینتیمای ئاینیی/سیاسییدا شکست بێنێت و توندوتیژیی یەکێك لەو دەروازانە بێت کە نیشتمان ڕووبەڕووی دەبێتەوە. دەرخستنی دیوی شاراوەی هەر گروپێکی ئاینی/سیاسیی، کارێکی ئاسان نیە، بەڵام دەکرێت ئەگەر لە سەدا سەدیش نەبێت، بەشێك لەو دیوە شاراوانە بخرێنە بەر ڕووناکیی و ڕۆشنبکرێنەوە.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەدوو ڕوودا دەبینێتەوە، یەکەمیان کێشەی ئینتیمای ئەو کەسانەیە کە لەناو گروپێکی ئیسلامییدا خۆیان دەبیننەوە، ئایا ئینتیمای ئەوانە بۆ ئایدیۆلۆژیای ئیسلامییە یا بۆ نەتەوەکەیان؟، دووەمیشیان ئاڕاستەی سیاسیی ئەو کەسانە بەتاك یا بە کۆ، بەرەو کوێیە، سەبارەت بە گۆڕینی سیستم یا کارکردن لەناو سیستم دا، ئامرازەکانی ئەو گۆڕانکارییە چۆن دەبن؟!

لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرکەوتنی وەها گریمانەیەك زۆر دژوارە، چونکە ئیسلامییە میانەڕەوەکان بەشێوەیەکی گشتیی نایەنە ژێر باری ئەوەی ئاخۆ ئەوان چ جۆرە سیستمێکی حوکمڕانیان دەوێت. ئاخۆ لە ئێستادا هەڵوێستیان بەرامبەر ئیسلامییە توندئاژۆ و ڕادیکاڵەکانی وەکو داعش و قاعیدە چییە؟ ئاخۆ کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی و تایبەتیی ئەوانە چەند جیاوازە. ئا لێرەدا لەڕێی ئەو میتۆدانەی کە دەیانگرینە بەر، دەمانەوێت پرسیاری توێژینەوەکە ورد

و کاریگەر بێت، بۆ ئەوەی بگەینە وەڵامێکی دیارییکراو.

بۆ گەیشتنیش بە وەها وەڵامێك پیویستمان بە گرتنەبەری چەند میتۆدێك هەیە، من لەو توێژینەوەیەدا دوو میتۆدم هەڵبژاردووە، کە دەکرێت بگەینە وەڵامێکی سەرەتایی بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بەشێوەیەکی قوڵتر کاری لەسەر بکرێت. لێرەدا میتۆدۆلۆژیای ئەم توێژیینەوەیە، لەسەر بنەمای گراوند تیۆری (ground theory) دەبێت و، بەشێوەیەکی جۆریی (کوالیتاتیڤ) و چەندێتیی (کوانتیتاتیڤ) لە چوارچێوەی شرۆڤەکردنێکی بابەتییانە (thematic analysis) دا، هەوڵ دەدەین بگەینە وەڵامی پرسیارە دیارییکراوەکان.

مەبەست لە گراوند تیۆری گەیشتنە بە دۆزینەوە و گشتگیرکردنی تیۆرییەك، بەمانای گەیشتن بەچەند ئەنجامێك و لەدووتوێی ئەو ئەنجامانەوە چەند قاییلبوونێکمان بۆ دروست بن، کە دواتر دەکرێت وەکو تیۆرییەك بینای لەسەر بکرێت. گراوند تیۆری لە قوتابخانەی نێرسینگ لە زانکۆی کالیفۆرنیای سانفرانسیسکۆ لەلایەن هەردوو سۆسیۆلۆگ گلاسەر و ستراوش، سەبارەت بە وشیارکردنەوە لەمردن، پەرەی پێدراوە. دیارە کە تیۆرییەکە لەژێر کاریگەریی تیۆری کارلەیەککردنی سیمبۆلیك (Symbolic Interactionism) دایە. ئەم تێورییە سێ ئەرك جێبەجێ دەکات، ئەوانەش:

١. مرۆڤەکان بەرەو شتەکان دەڕۆن؛ واتە چالاکیی دەنوێنن، لەسەر بنەمای ئەو مانایانەی کە ئەو شتانە بۆ ئەو مرۆڤانە هەیە.

٢. مانای ئەو شتانە لە کارلێککردنی کۆمەڵایەتیی (social interaction) دا هەڵێنجراون و بەدەر دەکەون، کە یەکێك لەگەڵ هاوڕێیەکیدا هەیەتی.

٣. ماناکان چارەسەر دەکرێن و هەموار دەکرێنەوە لەڕێگای پرۆسەی شرۆڤەکردن (interpretive process) لەلایەن کەسەکەوە لە ڕەفتارکردنیدا لەگەڵ ئەو شتانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە" (Calman, L., ٢٠٠٦:٤).

میتۆدەکان، یەکەمیان چاودێرییکردنی بەلای کەمی یەك مانگ لە وتار و نووسیینەکانی چەند کەسێکی دیاریکراون، بەتایبەتیش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ژمارەیەك لەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەپانتایی ئیسلامیزم دا ئامادەن، ئەوانەش چ سەر بەحیزبێکی ئیسلامیی بن یاخود سەربەخۆ ئیسلامییانە بیر دەکەنەوە، لەژێر ڕۆشنایی کێشە و ڕووداوە هەنوکەییەکان، بایەخدان بەو بابەتانەی کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن، لەسەر هەموو ئاستە سیاسیی، کۆمەڵایەتیی و ئایینییەکانەوە. لەو ڕووەشەوە چەند چەمکێك یا بابەتێك (ثیمێك) دەستنیشان کراون و، لەو وتارانەوە هەڵێنجراون کە لەتۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بڵاوبوونەتەوە بەتایبەتیش فەیسبووك، یوتیوب و هتد، وەك ئەوەی کە لە نەخشەی ژمارە (١) دا پیشاندراون. ئەوەش بەو مانایە دێت کە ناچینە ناو هەموو وردەکاریی وتارەکانەوە، چونکە ئەوسا ئەرکی ئێمە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەك دەردەچێت بۆ چوارچێوەیەکی ئەکادیمیایی گەورەتر، کە ئەوەش لێرەدا مەبەستی ئێمە نیە.

میتۆدی دووەم: ناردنی فۆرمی ڕاپرسییە بۆ هەموو ئەوانەی کە نووسیین و وتارەکانییان وەرگیراون، لەکۆی (٦٠) کەس (٣٥) کەس لەوانە وەڵامی پرسیارنامەکەیان داوەتەوە و ڕاستەوخۆ گەڕاندوویانەتەوە. پاشان هەردوو میتۆدەکە بەشێوەیەکی هەستیار بەراوردکراون؛ بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین ئاخۆ جیاوازیی کۆی گشتیی بەشداربووان لە نوسینەکانییان دا، لەماوەی زیاتر لە یەك مانگ دا، لەگەڵ وەڵامێکی مەبەستدارانەی پرسیارەکان، چەندە؟ ئەو کەسانەی کە بەئامانج گیراون، کەسانێکی شارەزا و قاڵبوون لەناو فیکری ئیسلامیزم دا، بەو مانایەی کەسانێك

نین تازە هاتبنە ناو دونیای ئاینداریی و، لە رۆحی و ئایین و لە مەبەستەکانی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامیی حاڵیی نەبن.

## قەیرانی ناسنامە لەپانتایی کۆمەڵێک ناسنامەی دەمامکداردا

بەر لەوەی بچمە ناو خودی بابەتەکەوە، وەکو پێشەکییەك، دەمەوێت مەبەست لە کوردبوون شرۆڤە بکەم و، لە کوردایەتیی جیای بکەمەوە. لەوانەیە هەندێك لەو ڕووەوە توشی تێکەڵکردنی ئەو دوو بابەتە ببن. بۆیە لێرەدا گرنگە ئەوە ڕابگەیەنین کە مەبەست لە کوردبوون، کوردایەتیی نیە. کوردایەتیی، دەچێتە بواری ئایدیۆلۆژیاوە و خەڵکێك خزمەتکردنی گەلی کورد دەبەستنەوە بە پرۆسەیەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و تەنانەت پەروەردەییشەوە. ئەم پرۆسەیەش لەچوارچێوەی گروپێك یا حیزبێکی سیاسیی یا بزووتنەوەیەکی مەدەنیی دا، هەوڵی مۆبیلیزەکردنی دەدەن. هەرچەندە، هەتا ئەمرۆش چوارچێوەیەکی ڕۆشن و فەلسەفەیەکی دیاری کوردایەتییمان لەبەردەستدا نیە، بێجگە لەهەندێك نامیلکە و دروشم، کە حیزبە سیاسییە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان خۆی تیادا دەبیننەوە و بەرگریی لێ دەکەن. ئەوەی لێرەدا بۆ ئەو توێژینەوەیە گرنگە، کوردبوونە، نەك کوردایەتیی. کوردبوون، دەکرێت ببێتە ناسنامەی هەموو ئەو حیزبانەی کە لە هەرێمی کوردستان دا، بێجگە لەو حیزبانەی کە تایبەتن بە کەمینە ئیتنییەکان، جەختی لەسەر بکرێتەوە. کوردبوون بەهیچ جۆرێك ناچێتە قاڵبی ئایدیۆلۆژیاوە و، چونکە لەوە بەئاگام کە ئیسلامییەکان لەسەر بنەمای ئایینەوە، کوردایەتیی وەکو هزرێکی سیاسیی ڕەتدەکەنەوە.

ئەگەر لە پێکهاتە جیاوازەکانی ئەمرۆی دانیشتوانی باشووری کوردستان وردبینەوە، لەڕووی ناسنامەوە، جۆرێك لە شپرزەیی، لەسەر هەموو ئاستە ئیتنی و ئایینیی و ئایدیۆلۆژییەکانییەوە، دەبیندرێت، تەنانەت لەناو خودی موسوڵمانەکانیدا، بەحیسابی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی باشووری کوردستان پێك دێنن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە؛ ئایا دەتوانین بڵێین ئێمە لەبەردەم قەیرانی ناسنامەداین؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، پێویستمان بە توێژینەوەیەکی فراوانتر و گشتگیرتر هەیە، بەڵام بازنەی دیاریکراوی ئەم توێژینەوەیەمان، چوارچێوەی هەموو دانیشتوانی باشوور ناگرێتەوە، بەڵکو تایبەتە بەو کەس و گرووپانەی کە خۆیان نەك هەر بە موسوڵمان دەزانن، بەڵکو خۆیان لەناو چوارچێوەی پرۆژەیەکی ئیسلامیی سیاسییدا دەبیننەوە. ئایا ئیسلامییەکان بەهەموو ڕەوتەکانیانەوە، لەپانتاییەکی سەقامگیری ناسنامەیان دان؟ بەمانایەکی تر، ئایا ئیسلامییەکان، کە هەڵگری ناسنامەی ئیسلامییبوونن، لەکوێی ناسنامەی کوردبووندان؟ ئایا دژبەیەکبوونێك لەنێوان هەردوو ناسنامەی کوردبوون و ئیسلامییبووندا هەیە؟ یان وەکو ئەوەی کە "ئوزەی محەمەد" لە کتێبی 'ناسنامەی ئیسلامیی و پەرەسەندنەکانی، توێژینیەوەیەك لە پانتایی ئیسلامیی دا ' دەپرسێت: "ئایا ناسنامەی من نیشتمانییە یان ئایینیە؟" (Mehmet, O., ٢٠٠٢:٩).

لێرەدا، پیتەر بورك و جان ستێیت لە کتێبەکەیان (تیۆری ناسنامە)دا دەڵێن "مانای ئەوە چییە کە تۆ کێ بیت؟ ناسنامە چەپکێك لە مانایە، پێناسەی ئەوە دەکات کە کەسێک کێیە، کاتێك کەسێک ڕۆڵێکی تایبەت لەکۆمەڵگادا دەگێڕێت، ئەندامی گرووپێکی تایبەتە، یاخود خۆی بە هەڵگری چەند کاراکتەرێکی تایبەت دەبینێت، وەکو مرۆڤێکی بێ وێنە" (Burke, P.J. & Stets, J.E., ٢٠٠٩:٣). لەشییکردنەوەی ئەو پێناسەیەدا، سێ ڕەگەزی تایبەت دەبیندرێن، بۆ ئەوەی سیفەتی ناسنامەیەکی دیاریکراو بە کەسەکان بدات بە مەبەستی خۆجیاکردنەوە، ئەوانەش:

ڕۆڵێکی تایبەت لە کۆمەڵگادا، بەئەندامبوون لە گرووپێکی تایبەت و هەڵگری چەند خەسڵەتێکی تایبەت.
کەواتە بۆ ئەوەی بتوانیین ناسنامەیەکی تایبەت دەسنیشانبکەین، لەدییدی ئەو دوو توێژەرەدا، دەبێ ئەو سێ ڕەگەزە ببینیین. ئێمە لە دووتوێی میتۆدەکانماندا، هەوڵی بەدواداچوون بۆ ئەو سێ ڕەگەزە دەدەین، بەمەبەستی دیاریکردنیان و شرۆڤەکردنیان.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| P 1 | 0 | 0 | 0 | 2 | 1 | 0 | 32 | 2 |
| P.2 | 0 | 7 | 38 | 8 | 16 | 5 | 66 | 4 |
| P.3 | 2 | 1 | 17 | 8 | 62 | 2 | 27 | 4 |
| P.4 | 0 | 0 | 60 | 3 | 4 | 3 | 16 | 0 |
| P.5 | 5 | 0 | 5 | 11 | 14 | 2 | 12 | 0 |
| P.6 | 0 | 6 | 1 | 11 | 11 | 4 | 5 | 7 |
| P.7 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 | 4 | 7 | 4 |
| P.8 | 0 | 0 | 3 | 0 | 0 | 4 | 15 | 4 |
| P.9 | 0 | 1 | 39 | 1 | 8 | 0 | 48 | 1 |
| P.10 | 0 | 7 | 3 | 0 | 0 | 36 | 12 | 2 |
| P.11 | 0 | 0 | 2 | 0 | 0 | 1 | 21 | 0 |
| P.12 | 0 | 0 | 35 | 0 | 0 | 4 | 12 | 0 |
| P.13 | 0 | 0 | 5 | 0 | 0 | 0 | 5 | 3 |
| P.14 | 0 | 5 | 8 | 0 | 0 | 5 | 37 | 1 |
| P.15 | 1 | 3 | 19 | 0 | 1 | 1 | 18 | 2 |
| P.16 | 1 | 0 | 12 | 1 | 0 | 7 | 0 | 1 |
| P.17 | 1 | 0 | 10 | 2 | 0 | 1 | 4 | 0 |
| P.18 | 1 | 1 | 8 | 0 | 0 | 2 | 4 | 2 |
| P.19 | 0 | 0 | 8 | 0 | 0 | 0 | 3 | 0 |
| P.20 | 1 | 0 | 6 | 0 | 3 | 1 | 2 | 3 |
| P.21 | 0 | 1 | 10 | 0 | 1 | 0 | 25 | 1 |
| P.22 | 0 | 0 | 6 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| P.23 | 1 | 0 | 3 | 0 | 3 | 1 | 4 | 0 |
| P.24 | 0 | 2 | 8 | 0 | 3 | 2 | 8 | 3 |
| P.25 | 0 | 0 | 5 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| Total | 13 | 34 | 310 | 47 | 131 | 95 | 386 | 44 |

دایەگرامی ژمارە (١)

کۆی ژمارەی وتارەکان و کۆدەنگی بابەتەکان دەردەخات، کە هەموویان بە وردی دیاریکراون ئاخۆ لەماوەی مانگێك یان کەمێك زیاتردا، چەند وتار و نوسین بڵاوکراونەتەوە و، زیاتریش دەچنە چ بوارێکەوە؟

## شرۆڤەکردنی داتاکان

دەمەوێت لەچوارچێوەی ئەو سێ ڕەگەزەی کە پیتەر بورك و جان ستێیت لە پێناسەکەیاندا دیاریانکردووە، کاراکتەرە سەرەکییەکانی بەشداربووانی پرسیارنامەکە شرۆڤە بکەم، بەمەبەستی ئەوەی یەکەم: ئەو بەشداربووانە

تاچەند خۆیان جیاواز لە ناسنامەی گشتیی ئەندامانی کۆمەڵگەدا دەبینن. دووەمیش: ئەو ڕۆڵە کامەیە کە ئەو کەسانە لە کۆمەڵگەدا دەیگێڕن. سێیەمیش: ئەو کاراکتەرانە چین کە ئەو کەسانە پێیەوە دەناسرێنەوە، بە کاراکتەری توندوتیژییشەوە.

## چوارچێوەی خۆجیاکردنەوە

خۆجیاکردنەوە و کێشانی سنوورەکان، لەخۆیەوە دروست نابن، بێگومان دەبێت کۆمەڵێك بنەمای شەرعیی، لەچوارچێوەی هەر ئایینێک دا، بۆ ئەوانەی کە خۆیان جیادەکەنەوە هەبن. ئەو بنەمایانە بۆ ئیسلامییەکان چارەنوسسازن، بۆ ئەوەی شەرعییەت بە گەشەسەندن و مانەوەی خۆیان بدەن، چونکە ناسنامەی نەتەوە لە کوردستان یەکێکە لە ڕکابەرە سەر سەختەکان، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە گەلی کورد لەباشوور پێیدا تێپەڕ دەبێت.

لەو بارەیەشەوە، ئەو دەقانەی کە شەرعییەت بە خۆجیاکردنەوە دەدەن، یا دەکرێت بکرێنە پێوەر بۆ ناسنامەیەکی تایبەت، زۆرن. لە دوتوێی ئەو دەقانەدا، ئەو جۆرە خۆجیاکردنەوەیە نەك هەر بە پەسەند دەزانرێن، بەڵکو شوێنکەوتووانی بینا دەکات و ڕێنوێنییەکان لە زۆربەیجاردا وەکو ئەرك دەبیندرێن، یا وەکو پرسێکی چارەنوسساز لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت. لێرەدا یەك ئایەت و دوو حەدیس کە لە ناو تەواویی ئیسلامییەکان دا، وەکو چوارچێوەیەك بۆ قۆناغێکی نوێی ڕابوون و ژیانەوە تەماشا دەکرێن، هەروەها زۆربەی تیۆریزەکارە ئیسلامییەکان کاریان لەسەر کردووە و، سەرچاوەی شەرعییەتی کاری ئیسلامیین و، وەکو بەڵگە مۆبیلیزەیان دەکەن، یان هەمیشە وەکو چوارچێوەیەکی بیناکردنی هزریی ئوممەت، کاری لەسەر کراوە و بەرچاوگیرییەکی (ئیعتیبارێکی) گەورەی بۆ دادەنێن، لێرەدا باسیان دەکرێن. سەرەتا، پێویستە ئاماژە بە یەك ئایەت بدرێت، کە دەکرێت بە بەشێکی سەرەکیی دابندرێت لە دروستکردنی ئەو چوارچێوەیەدا. ئایەتەکان بەو ئاراستەیە زۆرن و، ئیسلامییەکانیش بەردەوام ئاماژەیان پێ دەدەن. یەکێك لەو ئایەتانەش ئەمەی خوارەوەیە:

"ئەو ناوی ناون موسوڵمان، لە پێش دا و لەو کتێبەشدا (کە قورئانە)" (٤)، (ئیبن کەثیر، ج٥، ١٩٩٧:٤٥٦). هەرچەندە، ئێستا وەکو دیاردەیەك ناسنامەی ورد (Sub Identity) لەناو موسوڵمانان بەگشتیی، ئیسلامییەکانیش بەتایبەتیی، زۆر بوو-ون. لێرەدا ئەوەی تێبینیمان کردووە، موسوڵمانبوون لەنێوخۆی یەك مەزهەب دا، وەکو ناسنامەی سەرەکیی باس دەکرێت. هەروەها لەبەرامبەر ئایینەکانی تریش دا، وەکو چوارچێوەیەکی سەرەکیی لەهەژموونی خۆی نەکەوتووە. بەڵام کە دەگەینە ململانێی مەزهەبیی، موسوڵمانبوون بەتەنها کاریگەریی نامێنێت و ناسنامەی مەزهەبیی هەندێکجار هەژموونەکەی دەگاتە پێگەی یەکەم و، لەوانەیە بەهێزتریش بێت. هەر لەسەر ئەو بنەمایەشەوە؛ هەندێك لە موسوڵمانەکان، ئیسلام وەکو پڕۆژەیەکی سیاسیی دەبینن، ئەوانەش کە لەناو ئەو پڕۆژە سیاسییانەدا کار دەکەن، خۆیان بە ئیسلامیی ناوزەد دەکەن. ڕێك لەبەرامبەر کوردبوون دا؛ موسوڵمانبوون و لەبەرامبەر کوردایەتییش دا ئیسلامییزم.

سەبارەت بە حەدیسەکان، یەکە یەکە لەخوارەوە باسدەکرێن:

### حەدیسی یەکەم(٥):

جووەکان، بەسەر حەفتا و یەك گرووپ دا دابەشبوون، نەسرانییەکانیش بەسەر حەفتا و دوو گرووپ دا دابەشبوون، ئەم ئوممەتەش دابەش دەبێت سەر حەفتا و سێ گرووپ، ئەمانە هەموویان لەئاگردان، تەنها یەکێکیان

نەبێت، وتیان: کامەیە ئەی پێغەمبەری خوا؟ وتی: ئەوەیە کە لەسەر ئەو ڕێگایە بێت کە من و یاوەرانم واین لەسەری. لەهەندێك گێڕانەوەدا (ڕیوایەت): ئەوە جەماعەتە. ئەم حەدیسە، بەئامانجی پڕۆژەی سیاسیی ئیسلامییزم مۆبیلیزە دەکرێت و بەکار دەهێندرێت.

حەدیسی دووەم(٦):

ئەم حەدیسە لە موسلیمەوە گێڕدراوەتەوە، ئەبوهورەیرە دەڵێ: پێغەمبەری خوا وتوویەتی: ئیسلام بە نامۆیی دەستیپێکردووە و، دەیشگەڕێتەوە، هەر وەک چۆن دەستیپێکرد، ئاوا، بە نامۆیی دێتەوە، مژدە بۆ نامۆیان.

سنووردانان و بیناکردنی گرووپێك، بە کۆمەڵێك وەسفی جیاوازەوە، لەو دوو حەدیسەدا بەجوانیی دیارە و، دەکرێت زۆری لەسەر بوترێت، بەتایبەتییش لەدوو ڕەهەندەوە؛ یەکەم: دابڕانێك لەڕووی هەست و سۆزەوە لە کۆمەڵگە، بەو مانایەی خۆجیاکردنەوە لەڕووی هەست و قاییلبوونی کەسەکانەوە. ئەو قایلبوونە لە میسر، لەلایەن گرووپی (التکفیر والهجرة)وە کە لەساڵی ١٩٧١ی سەدەی ڕابردووەوە دەرکەوت, سنووری هەست و سۆزی تێپەڕاند بۆ خۆجیاکردنەوەی فیزیکیی و، ڕۆشتن بۆ ئەشکەوتەکان (Zine El Abidine, M. S., ٢٠٠٩:١٠). دووەم: خۆ بەحەق و ڕاست ناساندن (ئەلجەماعة، بەمانای تەنها ئەوان ڕاستن)، وێڕای خۆبەباڵاتر دانان (Superiority). ئەم دوو ڕەهەندەش لە پرۆفایلەکان و لە پرسیارنامەکەشدا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ڕەنگیداوەتەوە.

لەچوارچێوەی دونیابینیی ئەم دوو حەدیسەدا، پۆستێکی پرۆفایلی ژمارە (١) وەکو نموونە بۆ خۆجیاکردنەوە، یان وەکو هەوڵێك بۆ دەستنیشانکردنی سیفەتەکانی بەرامبەر، کە ڕەگەکانی دەگەڕێنەوە بۆ تێگەیشتنی تیۆریزەکاری ئیسلامیی سەید قوتب، کاتێک چەمکی نەفامیی وەکو تاکە وەسفێکی گونجاو بۆ کۆمەڵگە موسوڵمانەکان بەکارهێنا، هەروەها وەکو شەرعییەتێکیش بۆ هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات لە میسر، کاتێك خەڵك ڕووبەڕووبوونەوەیان لەبەرامبەر دەسەڵاتدا هەڵنەبژارد، مانای وایە ئەو کۆمەڵگەیە نەفامە. خاوەنی ئەم پرۆفایلە کە کەسێکی سادە نیە و دەزانێت چیی دەڵێت و بۆچیی دەیڵێت، دەڵێت:

"لێکۆڵینەوە لەو واقیعە نەفامەی کە ئێستا هەندێك کۆمەڵگە، وەکو هی خۆمان، تێیدا دەژین، پێویستی بە وردبوونەوەیەکی زانستییانە هەیە لەو بارودۆخەی ئەم نەفامییەی بەرهەمهێناوە، ئەو بارودۆخەی کە بەردەوامیی بەم نەفامییە دەدات و، ڕێگاکانی چۆنییەتیی زاڵبوون بەسەر نەفامیی دا، لەهەمووشیان گرنگتر لێکۆڵینەوە لە سایکۆلۆژیای مرۆڤی نەفامە. ئەمە هەمووی پێویستیی بە دامەزراندنی زانستی نەفامیی (علم الجهل) هەیە" (پرۆفایلی ژمارە ١، ٢٠١٦).

## ئینجا لە پۆستێکی تردا, دەڵێت:

"ئایندارییی بۆ بابایەکی موسوڵمان، تەنها ڕەفتارێکی پەرستن نیە کە پەنای بۆ ببات بۆ ئارامکردنەوەی دەروونیی و پڕکردنەوەی بۆشایی دڵ، بەڵکو ڕێگایەکە بۆ هێنانەدی خودی خۆی لەبووندا، بە شێوەیەك بوونی موسوڵمان لەئایین دا، وەك هەبوونیەتی لە جیهان دا"

ئەم قوڵبوونەوەیە، دیارییکردنی سنوورەکانی ئینتیمابوونە بۆ موسوڵمانبوون، لەسەر حیسابی هەموو ئینتیماکانی تر، چونکە ئەو دەیەوێت بەو جۆرە لەجیهان دا دەربکەوێت، نەك وەکو ئەوەی کوردێکی هەڵگری ناسنامەی کوردبوون، بە کولتور و جلوبەرگی کوردیی لەجیهان دا خۆی نمایش بکات. بۆیە، لەبەرامبەر کۆمەڵگەیەکی نەفام دا، ئەو دەیەوێت باڵا بێت، بەڵام باڵایەکی ئەرێنیی (پۆزەتیف) لەسەر ڕێگای موسوڵمانبوون و دەرکەوتنیش لەجیهان دا لەسەر هەمان ڕێگە و فۆرم دا.

کەواتە؛ هەر لەچوارچێوەی پێناسەی پیتەر بورك و جان ستێیت؛ ڕۆڵێکی تایبەت لە کۆمەڵگەدا، بەئەندامبوون لە گرووپێکی تایبەت و هەڵگری چەند خەسڵەتێکی تایبەت، لەم دەقەدا بەزەقیی دەردەکەوێت. ڕۆڵێك لە دەرکەوتن دا وەکو موسوڵمان، کە لەخودی خۆیدا ئەندامبوونە لەچوارچێوەی ڕێگەیەك، بەمانای پرۆژەیەکی سیاسییە بەمەبەستی دەرکەوتن، بەخەسڵەتی ئامادەبوونێکی وشیار (باڵا)، بە مەبەستی نەهێشتنی نەفامیی لەناو شەپۆلێك لە نەفامیی کۆمەڵگەدا.

لێرەدا، چونکە پرۆفایلەکان هەموو ئاستە زانستیی و هزرییەکان لەخۆ دەگرن، هەروەها خەڵکی سادە و چالاکوانی ئیسلامییش لەخۆدەگرن، سەرەڕای ئەوانەی کە کەم تا زۆرێك، بەرپرسیارێتیان لەناو یەکێك لەو حیزبە ئیسلامییانەی گۆڕەپانی کوردستان دا هەیە، هەموو جۆرە دەربڕینێکیش بەرچاو دەکەوێت.

بۆ نموونە؛ لەپرۆفایلی ژمارە (١١) دا، خاوەنی پرۆفایلەکە پۆستێکی کردووە، دەڵێ: "سەلەفییەت(٧)، ئایینی حەقە، نەمدیوە لە مەنهەجی سەلەف بێ گرێ و گۆڵتر، نەمدیوە لەو مەنهەجە پاکتر" (پرۆفایلی ژمارە ١١، ٢٠١٦). لەم پۆستەدا، خۆجیاکردنەوە لەدوو دەربڕیین دا خۆی پیشان دەدات، لەلایەك خۆی بەناونیشانێکی تایبەت دەناسێنێت، لەلایەکی تریشەوە، تەنها ئەو پێڕەوەی (نەهج) کە لەسەریەتی، بە حەقی دەزانێت. لەم جۆرە دەربڕینانەدا زۆرجار دووبارەدەبنەوە، بەتایبەتیش لەناو سەلەفییە جیهادییەکان. خاوەنی پرۆفایلی ژمارە (٨) باس لە حوکمی جاهیلییەت دەکات و، چەندین جار دەربڕینی "أفحکم الجاهلیة یبغون" دووبارە دەکاتەوە (پرۆفایلی ژمارە ٨، ٢٠١٦). ئینجا لەپۆستێکی پێشتردا، دەڵێ "عەلمانییەکان، شەرمەزارن، چونکە جەژنی موسوڵمانانە" (پرۆفایلی ژمارە ٨، ٢٠١٦). لێرەدا ئەو باسی خۆی ناکات، چونکە لە باڵایی خۆی لێبۆتەوە و بە ناڕاستەوخۆ، چەنکە بەرامبەرەکەی حوکم بە جاهیلییەت دەکات، چونکە بەهۆی ئەوەی ئەو جەژنێکی هەیە شانازی پێوە دەکات، ئەوا بەرامبەرەکەی کە عەلمانییەکانن، بەلای ئەمەوە پێویستە شەرمەزار بن.

لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە بەشداربووەکان سەر بە قوتابخانەی جیاوازن، ئەو سنوورەی کە بۆخۆیان کێشاوە، بەپێی هزری قوتابخانە و، ئەو حیزبەی کە ئینتیمایان بۆی هەیە، تەسکتر یا فراوانتر دەبێت، بەڵام لە خەسڵەتەکانییاندا، زۆر لەیەکەوە نزیکن. ئەگەر لە خەسڵەتەکانی ئیسلامییەکی(٨) ناحیزبیی وردبینەوە، زیاتر دەربڕینی جوانییەکانی ئیسلام و قورئان پیشان دەدات، وەکو پەیامێك بۆ بەرامبەرەکانیان، کە پێییان دەڵێن ئەوەتا جوانییەکان لێرەدان. سەلەفییەکان زۆرجار ئەو سنوورە دەبڕن و خەسڵەتەکانی بەرامبەریش وەکو چەند سیفەتێکی ناشرین، دەردەخەن، لەپێناوی خۆپەسەندکردن و بەرامبەر ناپەسەندکردن دا. یەکێك کە خاوەنی پرۆفایلی ژمارە (٢) وە، لەکۆی پۆستەکانیدا، بەیەکەوە هەست بەوە دەکەیت کە دەیەوێت پێمان بڵێت ئێمە ڕاستین، جگە لە ئێمەش هەڵەن. ئەو دەڵێ: "ثم اهتدیت"، دوایی دەڵێ "المستقبل لهذا الدین" (پرۆفایلی ژمارە ٢، ٢٠١٦)، ئینجا لەچەند پۆستێک دا؛ کەبە ڤیدیۆی جیاوازەوە هاوپێچکراون، سەرەڕای دوعا و نزاکان، هەموویان بەیەکەوە، بە خەڵکی عەلمانیی دەڵێن "هیدایەت لە ئیسلام دایە"، گومڕاییش لە وازلێهێنانی ئیسلام دایە. لێرەدا هێماکان، سیمبۆڵەکان، تەنانەت دوعا و پاڕانەوەکانیش، هێمای گرنگن بۆ ناسینەوەی خۆپەسەندکردن و، دروستکردنی سنوورەکان و، ئینتیمایەکی توند بۆ ئەو درووشمانە.

موسوڵمانبوونی ئیسلامییەکان، وەکو وێنەیەکی نارسیسیست (narcissism)(٩) ، لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئینتیمابوونیان بۆ ئیسلام بەسەر هەموو ئینتیماکاندا دەسەپێنن، سنوورێکی فراوانی هەیە، دەکرێت هەموو ئینتیماکانی تری تیادا بتوێندرێنەوە. دەکرێت، نەتەوە، وەکو چوارچێوەیەکی بچووك، بە ئاسانی لەناو

چوارچێوەیەکی گەورەتردا، کە هەموو سنوورەکانی نەتەوە دەبڕێت، بتوێتەوە. ئەمەش ڕێك ئامانجی ئەو تیۆریزەکارانەیە کە زۆر بە راستیینەیی (جیددیی) کاریان لەسەر ئەو لایەنە کردووە و، هەندێکجار نەشیان شاردۆتەوە. ئیشکالییەتی هەرەگەورەش لێرەدا ئەوەیە؛ ئەو تیۆریزەکارە ئیسلامییانە، بەتایبەتیش عەرەب، نەیانتوانیوە ئیسلام لە دەرەوەی چوارچێوەی عەرەبایەتیی دا ببینن. بۆیە، تیۆریزەکاری ئیسلامیی میسریی محەمەد ئەلغەزالیی، لەو ڕووەوە دەڵێ؛

«ڕێبەرایەتیی موسوڵمانەکان، بێجگە لە عەرەب کەسی تری بۆ ناشێت، بۆیە پێویستیش ناکات کەس ململانێی ئەوەیان لەگەڵدا بکات"(١٠).

پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

«لێرەدا، مەبەستمان لە عەرەبایەتیی، ڕەگەز نیە، بەڵکو مەبەستمان زمانە. مەبەستیشمان لە خزمایەتیی دوور و نزیك نیە، نە خوێنی پاك و نە تێکەڵیشە، بەڵکو مەبەستمان هەموو عەرەبە، ئەگەر بەتەواوەتیی لەبنەچەدا عەرەب بێت، یا بەعەرەبکراو بێت و، سەر بە هەر رەگەزێکی دیکە بێت لە هەر کیشوەرێك لە کیشوەرەکانی ئەم دونیایە. مادام لە پێستی یەکەمی خۆی دەرچووە و، هاتۆتە ڕێزی ئەم ئوممەتە نوێیەوە، خۆی لەناو قەوارەکەیدا تواندۆتەوە، هزر و هەستەکان ئاوێتەیکردن، ئەم کەسە دەبێتە بەشێك لەو ئوممەتە، بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت نکوڵی لێ بکات و بۆکەسیش نامۆ نابێت، بۆیە ئێمە ئەبو حەنیفە وەکو فەقیهێکی عەرەب دەبینین، سەلاحەددین وەکو سەرکردەیەکی عەرەب دەبینین، سیبەوەی و زەمەخشەریی و رازیی وەکو زانای عەرەب تەماشا دەکەین"(١١).

شێخ محەمەد غەزالیی، کەسێکی سادە نیە، زانایەکی بەرچاوە (موعتەبەرە) لای زۆربەی هەرەزۆری ئیسلامییەکان، بەڵام ئەو ئینتیمایەی ئەو باسی دەکات، لەچوارچێوەی ناسنامەیەکدا دەردەکەوێت کە ڕوویەکی ئیسلامە، بەڵام ڕووەکەی تری عەرەبایەتییە. وەکو لەو دەقانە و لەزۆر دەقی تریشدا، بە ئاشکرا باس لەو جۆرە ئینتیما دوو جەمسەرییەیە دەکات و لێشی ناسڵەمێتەوە. کەواتە لێرەدا پرسیار ئەوەیە؛ ئایا هەردوو ڕووەکانی ناسنامەی کوردێك لە هەردوو ڕووەکانی ناسنامەی شێخ محەمەد غەزالیی دەچن؟ بێگومان ئێمە بێ داتا ناتوانین، وەڵامێکی سەرپێیی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

ئەگەر لەو بارەیەوە بچینە ناوەڕۆکی پرۆفایلەکانەوە، چەندیین جار دەستەواژەی "ئێمەی موسوڵمان" لە فۆرمی جیاوازدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام بۆ تاکە جارێکیش، وەکو ئەوەی شێخ محەمەد غەزالیی شانازیی پێوەدەکات، لەزۆربەی پرۆفایلەکاندا، دەستەواژەی "ئێمە وەکو کورد"مان لەلایەن ئیسلامییە کوردەکان بەرچاو ناکەوێت. ئەو خۆێنواندنە مانای ئەوە نیە کە هەموو پرۆفایلەکان یەك شێوازی خۆناساندنیان گرتۆتە بەر. ئەم خۆدەرخستنەش لەوانەیە لە ئیسلامییەکی حیزبیی دا، زۆرجار جیاواز بێت هەتا سەلەفییەك، هەرچەندە لەکۆی پۆستەکانیاندا هیچ گومانێك لە ئینتیمای ئەو کەسانەدا نابیندرێت بۆ موسوڵمانبوونیان، یان بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە بە ئیسلامیی دەیناسن. لێرەدا، کە دەوترێت ئینتیما بۆ موسوڵمانبوون، لەبەرامبەردا ئینتیما بۆ کوردبوون یان هەر نیە، یان ئەگەر هەشبێت زۆر بەکزیی و بەکەمیی پیشاندراوە.

جگە لەو دەربڕینە ڕاشکاوانەش، ئەوەی زیاتر چاودێرییکراوەکان -بەگشتیی- دەخاتە بەر تیشك و ئینتیما تیایدا، خۆی دەخاتە سەر شانۆ، ڕووداوەکانن. ڕووداوەکان، لەجۆری کێشەی کەمایەتییە موسوڵمانەکان، یان کێشە گشتییەکانی وڵاتانی ئیسلامیی، بۆنموونە؛ زۆربەیان و بەدووبارەکردنەوەی بەردەوام، دوعا بۆ بۆرما، بۆسنە،

بەلوجستان و تادوایی، دەکەن. خاوەنی پرۆفایلی ژمارە (٨) دەڵێ: "بۆرما، سوریا، فەلووجە، بۆسنە، گوانتانامۆ و کیشوەرەکەی ئەفریقا، ئەگەر لە جەژن دا خۆشیمان دەربڕی، ئەوا شەرمەزارین، ڕووڕەشین، توخوا ڕمانبوورن" (پرۆفایلی ژمارە ٨،، ٢٠١٦). بەڵام لە تەواوی پرۆفایلەکاندا، بۆ تاکە جارێکیش دوعایەك بۆ کوردانی باکوور یا ڕۆژئاوا بەرچاوناکەوێت. هەروەها کەسێکی تر لە پرۆفایلی ژمارە (١٣) دا دەڵێت:

«موسوڵمانان، تکایە برا و خوشکە چەوساوەکانتان لە دوعاکانتاندا لەبیر مەکەن، ئەوان پێویستییان بە دوعای خێری ئێوەیە» (پرۆفایلی ژمارە ١٣، ٢٠١٦).

لێرەدا، ناسنامە و ئینتیما خۆیان دەنوێنن، نەك نەتەوە و شتێکی تر. داوایەکە بۆ موسوڵمانانە، چەوساوەکانیش هەڵبەت ئەوانەن کە لە چەندین پرۆفایلی تردا ناویان دەبرێت و، لەگەڵ ئەوان هاوخەم و بەئازارن، کە بریتین لە بۆرما و فەلووجە و کیشوەرەکەی ئەفریقا.

بەمجۆرە، تیۆریزەکردنی چەمکی ئاوێتەبوون لەگەڵ ئیسلامییزم و لەبەرامبەریشدا دابڕان لە کوردبوون بەمانا سیاسییەکەی، زۆر بەزەقیی دەبیندرێت. ئەوان، چالاکیی دەنوێنن، لەسەر بنەمای ئەو مانایانەی کە بۆ ئیسلامییزم هەیانە. هەروەها، ئەم چەمکانە نەك هەر لە کارلەیێککردنی کۆمەڵایەتیی (social interaction) دا هەڵێنجراون و دەردەکەون، کە یەکێك لەگەڵ هاوڕێیەکیدا هەیەتی، بەڵکو لەسەر ئاستی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی و تەنانەت ئابووریش ڕەنگدانەوەی خۆیان هەیە. لەهەمان کاتیشدا ،ماناکان لەدەرفەتی پێشووتردا لەلایەن تیۆریستە ئیسلامییەکان داڕێژراون و لەلایەن ئیسلامیستەکانیش هەمیشە بەرهەم دەهێندرێنەوە و، شتێك نیە لەبەرچاویان روون نەبێت. بۆیە، دابڕان لە کوردبوون لەلایەن ئیسلامییەکان، بەشێکە لە نەستیان و زۆربەی جار، بەهۆی تەوژم و هەژموونی ئایدیۆلۆژیاوەیە، بەتەواوی لەکوردبوون دووردەکەونەوە.

ئینتیمای مەزهەبدارییێتی

هەرچەندە زۆرینەی هەرە زۆری ئیسلامییەکان، بەتایبەتیش سەلەفییەکان، دژی بنەماکانی مەزهەب و لێکدانەوەکانیانن و، زیاتر پشت بە دەقە سەرەکییەکان دەبەستن کە قورئان و سوننەن، بەڵام ئینتیمای مەزهەبدارێتیی، زۆر بە ڕۆشنی دیارە کە ئیسلامییەکانی کورد بەتەواوەتیی لەژێر ئەو هەژموونە دان، کە لەهەمووو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دونیای ئیسلامیی دەگوزەرێت. ئەو مەزهەبدارێتییە خۆی لەدوو وێنەی جیاوازدا نیشان دەدات. وێنەیەکیان پشتیوانییە بۆ هاومەزهەبەکان. وێنەی دووەمیشیان هێرشکردن و ناشیرینکردنی بەرامبەرەکەیانە، کەخۆی لە ئەتنۆسەنتریزمدا دەبینێتەوە.

## وێنەی یەکەم:

پشتیوانیی بۆ هاومەزهەبەکان، لە پانتایی کوردیی دا، هەروا بەئاسانی ناگوزەرێت، چونکە بەشێك لەو هاومەزهەبانە لەجەنگێکی بەردەوامدان لەگەڵ هاونەتەوەکانیان. نموونەی هەرە دیاریش لێرەدا تورکیایە. بۆ ئیسلامییەکان لەو جەنگەدا ئەوە گرنگ نیە، هەتا چەند هاومەزهەبەکەیان پابەندن بە بنەماکانی ئیسلامەوە، ئەو دەوڵەتە هەتا چەند لەژێر کارابوونی ئایین و شەریعەت دا بەڕێوە دەچێت، تاچەند لەگەڵ هاوڵاتیانی مەدەنیی کورددا کە زۆرینەی هەرە زۆریان موسوڵمانن و پابەندن بە تەواویی بنەماکانی ئیسلامەوە و، موسوڵمانانە دەجوڵێنەوە. گرنگ ئەوەیە ئێستا ئەو هاومەزهەبە دژی مەزهەبە بەرامبەرەکەی لەجەنگ و ململانێ دایە. قورئان بەرز دەکاتەوە و چەند وێنەیەکی لەگەڵ هاوسەرەکەی بە لەچکەوە گرتووە و، چەندجار لەسەر بەرماڵ

(دووگـورد) دەرکەوتـووە و نوێـژ دەکات. لێـرەدا پۆپۆلیـزم وەکـو یەکێـك لەسـیماتە زاڵەکانـی ئیسـلامییەکان خـۆی دەخاتـە سـەر شـانۆ، نـەك پابەندبـوون بـە بنەماکانـی ئیسـلامەوە.

پشـتیوانیی لـە ئـەردۆگان، بەتایبەتیـش بەهـۆی ئـەو کودەتایـەی کرایـە سـەر حیزبـی داد و گەشـەپێدان، سـنوورە ئاسـاییەکانی تێپەڕانـدووە، بـۆ زاڵبوونـی نارسسـیزمێك کـە بێجگـە لـە مەزهەبچێتیـی هییـچ شرۆڤەکردنێکـی تـر هەڵناگرێـت. بۆنموونـە؛ لەکـۆی ٢٥ پرۆفایـل دا، (١٤) پرۆفایلیـان پشـتیوانییەکی ڕاسـتەوخۆیان لـە ئـەردۆگان کـردووە. "کـم أنـت عظیـم یـا سـلطان"، یەکێکـە لـەو دەسـتەواژانەی بـەر لـە کودەتاکـەش نـوسراوە و، دواییـش بـەردەوام لـە (٥) پرۆفایـل دا دووبـارە جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە. دووان لـەو پرۆفایلانـە ئیسـلامی ناحیزبییـن، سـیانیان سـەر بـە حیزبـە ئیسـلامییەکانی کوردسـتانن، کـە پۆسـتی بەرپرسـیارێتییان هەیـە. بـەڵام لـە ڕووداوی کودەتاکـەی تورکیـادا، لـە (١٤) پرۆفایـل دا، پشـتیوانیی بـۆ ئـەردۆگان ڕاگەیەنـدراوە. گواسـتنەوەی ڕووداوەکان (بەپەلـە)، باسـکردن لـە پشـتیوانیتکردنی خـوا بـۆ ئـەردۆگان دووپـات کراوەتـەوە. پرۆفایلـی ژمـارە (٩) دەڵێـت:

"سەری ناحەزانت شۆڕکرد، سوڵتانی گەورە" (پرۆفایلی ژمارە ٩، ٢٠١٦).

هەروەها پرۆفایلی ژمارە دوو دەڵێ:

"أن الله معکم یا سیادة الرئیس. أردوغان یقول للشعب الترکی؛ أن الله معنا" (پرۆفایلی ژمارە ٢، ٢٠١٦).

هـەر بەهەمـان ئاڕاسـتەوە، ئـەو بـە حوکمـی ئـەو ئینتیـما بـەرزە و، ئـەو ئاڕاسـتە ئایینییـەی کـە ئـەردۆگان جڵـەوی گرتـووە، دەنوسـێت:

"مـا زالـوا فـی الشـوارع. اللافـت أنهـم ینـادون: یـا اللـه باسـم اللـه اللـه اکـبر. ینـادون ربهـم. ولم ینـادوا زعیـما أو رئیسـا، وتلـك دعـوة الصادقیـن" (پرۆفایلـی ژمـارە ٢، ٢٠١٦).

پرسـیاری هـەرە گرنـگ لێـرەدا ئەوەیـە؛ ئایـا ناحەزەکانـی ئـەردۆگان بـە پلـەی یـەك، کێـن؟ ئایـا هـەر موسـوڵمانە کوردەکانـی ئامـەد و وان و دێرسـیم و مێردیـن نیـن؟ هـەر بزووتنـەوەی کـوردی باکـوور نیـە، بـە شـێوەیەکی گشـتیی؟ سـەرەڕای هەمـوو ئـەو سـەرەڕۆیی و ناسـەقامگیرییە سیاسـییەی، کـە حکومەتـی داد و گەشـەپێدان و ڕەجـەب تەیـب ئـەردۆگان دژی کوردسـتانی باکـوور گرتوویەتییـە بـەر، وێنـە نارسیسـتییەکانی ئـەردۆگان، هاوپێـچ بـە قسـە و هەڵوێسـتەکانی ئـەو، لـەو پرۆفایلانـەدا ژمـارەی پێوانەیـی تێپەڕانـدووە. ئـەردۆگان لـەو پرۆفایلانـەدا، هێنـدە جوانکراوە، هێنـدە کـراوە بـە فریـادڕەس، دەکرێـت بـەراورد بکرێـت بـە عومـەری کـوڕی خەتـاب و عومـەری کـوڕی عەبدولعەزیـز، کـە ئـەو دوو عومەرانـە لـە یـادەوەری هزریـی ئیسـلامییەکان دا بـێ وێنـەن لـە جوانیـی و دادپەروەریـی. ئـەو جـۆرە خۆشەویسـتییە بـۆ ئـەردۆگان، بێجگـە لـە دەمارگیریـی مەزهەبداریـی (doctrinal fanaticism) ،هیـچ وەسـفێکی تـر هەڵناگرێـت.

هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا، پشـتیوانیکردنیی مەزهەبداریـی لەژێـر ئـەو دەسـتەواژانەی وەکـو (أهـل السـنة)، (ضحایـا الفلوجـة)، (سـنة العـراق) و تادوایـی، بـە وردی کاری لەسـەر کـراوە. نارەحەتبوونـی ئیسـلامییەکان بـۆ ئـەو ڕووداوانـەی کـە لەفەلوجـە دەگـوزەران، ئـەو ئینتیـما مەزهەبدارێتییەیـە، لەتوندتریـن وێنـەدا خـۆی دەخاتـە سـەر شـانۆ. ئـەوە چـش لـە هەمـوو ئـەو ئاماژانـەی تـر، کـە دەکرێـت بخرێنـە چوارچێـوەی ئـەو دەمارگیرییـە مەزهەبدرێتییـەوە. لێـرەدا بایەخـدان بـە میـسر و دانانـی وێنەکانـی محەمـەد مورسـیی و نەفرەتکـردن لـە سیسـیی، بەڵگـەی ئـەو هاورۆحییـەن. وەکـو ئـەوەی لـە پرۆفایلـی ژمـارە (٢)دا هاتـووە، بەڵگەیـە لەسـەر ئـەو ئینتیمایـەی کـە جێـگای ئینتیـمای نەتەوەیـی گرتۆتـەوە، ئـەو دەڵێـت:

"الاعلام المصری الاصفر، أعلام الانقلاب الغادر، اخزاكم الله واخزى قائدكم الفاشل" (پرۆفایلی ژماره ٢، ٢٠١٦)

جگە لەوەش، بەپێی ناوەرۆکی ئەو پرۆفایلانە، ئەوان، ئەگەر ڕەزامەندیش نەبن لە دەسەڵاتەکەی سعودییە، بەتەواوی خۆیان دووردەگرن لە هێرشکردنە سەر سعودییە. دوور و نزیك باسنەکردنی دەسەڵاتی سعودییە بە نەرێنیی (نێگەتیڤ)، وەکو ئەوەی کە پرۆفایلە کوردییەکان پڕن لە ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی سعودییە، بەشێکە لە ئینتیمای مەزهەبداریی، لەوانەیە بە هۆکاری ئەوە بێت، کە بەلایەنی کەمەوە سعودییە لەجەنگ دایە لەگەڵ حوثییەکان لە یەمەن.

ئەم لایەنداریی و دەمارگیرییە مەزهەبدارییە، بەهەمان ئاستی پێشوو، پێمان دەڵێت؛ ئیسلامییەکان لەدەرەوەی یادەوەریی کوردیی دا، لەدوورپیانێکی تەواو دووردا، لەچوارچێوەی دابڕانێکی نارسیسستانەدا، کە کوردبوونییان نەك هەر لێی دیار نییە، بەڵکو هێندەی بەدوای هاومەزهەبەکانییان دا وێڵن، بەهیچ جۆرێك گەڕان بەدوای هاونەتەوەییەکان نایانجوڵێنێت. بۆیە چالاکیی نواندن، کارلەێککردنی کۆمەڵایەتیی و دۆزینەوەی ماناکان، بەشێکن لەو دابڕانە.

## وێنەی دووەم:

هەر لە چوارچێوەی ئەو ئینتیما مەزهەبدارییە هەژموونداری ناوچەکەدا، مەزهەبچێتیی ڕووبەڕووبوونەوە، لەکۆی (٢٥) پرۆفایل دا، (١١) پرۆفایل بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لەجەنگێکی مەزهەبداریی پروپاگەندەیی لەدژی شیعە و ئێران، هەڵوێستیان نواندووە. بۆ نموونە لە پرۆفایلی ژمارە (٩) دا خاوەنەکەی دەڵێت:

"ئەم بەچکەزۆڵانە، ئەم ئەولادی موتعەی زیناکارانە، ئەم شیعە موشریکانە، ویستیان تەقینەوە بکەن لەناو مزگەوتی پێغەمبەر صلی الله علی وسلم لە مەدینە، الحمدلله بەدۆزەخ شادکران" (پرۆفایلی ژمارە ٩، ٢٠١٦).

لەبەرامبەردا، بەر لە ڕووداوی لەسێدارەدانی ژمارەیەك لە کەسی کوردی سەر بە گرووپە ئیسلامییەکان، کە ژمارەیان بەپێی سەرچاوە جیاوازەکان، لەنێوان ٣٠ تا ٤٠ کەس بووە، کوردی تریش لە ئێران بەردەوام لە سێدارە دراون، بەڵام لەیەك تاقە پرۆفایلیشدا لەو پرۆفایلانەی کە چاودێریی کراون بۆ ئەم توێژینەوەیە، باسیان لەو لەسێدارەدانانەی پێشووتر نەکردووە. کەچی کە دەنگوباسی لەسێدارەدانی ئەو کوردانەی سەر بە گرووپە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڤەوە، پرۆفایلەکان گڕدەگرن و بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان، نەفرەت و جنێو بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەنێرن. وێنەی لە سێدارەدراوەکان بەچەندین شێوەی جیاواز بڵاو دەکرێنەوە. لینکی بەرنامەکەی ئەلجەزیرە لەسەر ئەو لەسێدارەدراوانە بڵاودەکرێتەوە، بەتایبەتیش دەنگوباسی لێپێچینەوە و دواتریش لەسێدارەدانی شەهرام ئەحمەدیی. یەکێك لەو پۆستانەی بۆ لەسێدارەدراوان نوسراوە، لە پرۆفایلی ژمارە (١٤) دا دەڵێت:

"خوایە گیان، خۆت دەزانی سڕی مانەوەی دەسەڵاتی شیعەی کافری ئێستا چییە؟ سەرەڕای ئەو زوڵم و ستەمەی کە لە ئەهلی سوننە دەیکات بەبێ جیاوازیی، خوایە گیان شەهیدکردنی ئەو برایانەش یەکێکی تر بوو لەو زوڵمانەی کردیان، ئەم دەجال و کافرانە، چونکە گوناهیان ئەوەبوو موسوڵمان و ئەهلی سوننە و کورد بوون. خوایە گیان تۆڵەیان لەدونیا پێش قیامەت لەدەسەڵاتداران و سەرانی رافیضەی بێ دین و جێبەجێکاری ئەم تاوانە بکەیتەوە، ویا منتقم یا قهار. ئێوەش بە ئیخلاصەوە بڵێن، ئامین" (پرۆفایلی ژمارە ١٤، ٢٠١٦)

لێرەدا بێجگە لەو زمانە مەزهەبدارییەی کە بەکارهاتووە، تێبینییەکی تر گرنگە بۆ ناسینەوەی ئینتیما لەچوارچێوەی ناسنامەدا، ئەویش فرەئینتیماییە؛ کە یەکەمیان موسوڵمانبوونە، پاشان مەزهەبدارێتیی، ئینجا کوردبوون، وەکو ئەوەی لەپۆستەکەدا دەردەکەوێت. دیارە کارکردن لەسەر ئێران زۆر شێواز بەخۆوە دەبینێت، بۆ نموونە، پرۆفایلی ژمارە (٢) دەنوسێت:

"أیران تحت النار. أنفجار ثانی فی أحدی الخزانات البتروکیمیاویات فی (مجمع بوعلی سینا) فی مدینه معشور فی أیران" (پرۆفایلی ژمارە ٢، ٢٠١٦).

یەکێك لە کۆمێنتەکان دەڵێت: "اللهم أنزل علیهم غضبك، کما أنزلتها علی قوم لوط، یارب قولوا آمین". یەکێکی تر دەڵێت: "اللهم أریهم عجائب قدرتك، اللهم أنهم قوم لا یؤمنون".

لەم کۆمێنت و پۆستانەدا، ئەو ڕقە قوڵەی نێوان هەڵگرانی ئەو دوو مەزهەبەدایە، بەڕۆشنی خۆی نمایش دەکات. ئەوان یەکتریی وەکو موسوڵمان، نابینن، بەڵکو هەندێکجار زۆر خراپتر لە ناموسوڵمانەکان و، هەندیکجار لە جرووجامشت و ئاژەڵەکانیش.

خەسڵەتە هاوبەشەکان

ڕۆڵی هەموو ئەو بەشداربووانەی کە پرۆفایلەکانیان چاودێری کراوە، لەچەند خەسڵەتێکی هاوبەشدا بەتەواویی دەبیندرێن.

یەکەم: زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیا بەسەر رۆحی ئایینی لە تەواویی پۆست و تێبینییەکان دا، بەهەموو هزر و حیزب و گرووپە ئیسلامییەکانەوە. ئەگەر بەراوردی ئەو پۆستانە بکەین کە پەیوەندییان بە پرسە نیشتمانییەکانەوە هەیە، کە کۆی هەموو پۆستەکان (١٢) پۆستن و زۆربەشیان ڕوانگەیەکی نەرێنییان (نێگەتیڤانەیان) هەیە، بەرامبەر پرسە ئایینی و ئیسلامییەکان کە ژمارەیان (٣٨٦) پۆست تێپەڕ دەکات، جیاوازییەکی گەورە هەیە. پرسیارنامەکەش ئەو ژمارانە پشتڕاست دەکاتەوە.

دووەم: یەکێك لە بنەما گرنگەکانی ئینتیما، خۆ بەحەق زانین و ئەوی تر بە ناحەق زانین، چونکە ئەگەر وانەبێت، ناتوانێت لەسەر ئینتیماکەی بەردەوام بێت. ئەوەی لەم پرۆفایلانەدا سەرنج دراوە، ئەو دیاردەیەیە بەگشتیی پشت ڕاست دەکاتەوە. خۆ بەحەق زانین و بەناحەق و ناڕەوا دانانی هەموو ئەوانەی پێچەوانە بیر دەکەنەوە، چ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ! زۆربەی هەرە زۆری پۆستەکان گوزارشتن لەو نەفەسە خۆبەحەق زانینە. بۆنموونە/ چاوبڕیینە خستنە سەر موسوڵمان بوون و دەربڕیین لەو جۆرە وێنە و ڕووداوانە، بە (سبحان اللە) یا (ما أعظمك یا أسلام) و هەتا دوایی.

سێیەم: لە پێناسەی ناسنامەدا، ڕۆڵ بەشێکی گرنگە لە ناسنامەکان. لێرەدا ئیسلامییەکان بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی دەناسرێنەوە. لە کۆی (٢٥) پرۆفایل، (٢٣) پرۆفایل بەڕێژەی جیاواز بەشداربوون لە کاروبار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، یەکێك لەو ئەرکانە، سەردانییکردنە. سەردانییکردن یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئیسلامییەکان و، زۆربەیجاریش سەردانییکردنەکان لەنێوان خۆیان دان، بەو مانایەی ئەگەر سەردانییەک وەکو ئامرازێك بۆ بانگهێشت (دەعوة) بەکار هێنرابێت، ئەوا هێندەش وەکو ئینتیما بۆ یەکتریی و پشیوانیی یەکتر یی بەکار هاتووە.

چوارەم: ڕۆڵی ئامۆژگارییکردن. لە چوارچێوەی ئەو پۆستانەی کە پەیوەندییان بە کاروباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، ئامۆژگارییکردنی یەکترییە، یان ئامۆژگارییکردنی خوێنەران، سیفەتێکی تری ئیسلامییەکانە، بە سەلەفییەکانیشەوە.

ئـەوان وەکـو دیـارده، بـەردەوام سـەرقاڵی ئامۆژگارییکردنـی ئەوانـی تـرن، زۆربـەی ئامۆژگارییـەکان ڕەوشـتانەن (ئەخـلاق)، سـەرەڕای جێبەجێکردنـی ئەرکـە ئایینییـەکان و خوێندنـەوەی قورئـان. ئەمـەش وەکـو ڕۆڵێکـی خۆیـان لەکۆمەڵگـەدا دەبینـن.

پێنجـەم: ڕێـژەی هـەرە زۆری پۆسـتەکان بەزمانـی عەرەبییـن و، هەندێـك لەوانـە ڕێـژەی هـەرە زۆری پۆسـتەکانیان بـە عەرەبیـن، بـەو مانایـەی زمانـی عەرەبیـی زاڵـە بەسـەر بییرکردنـەوە و گفتوگـۆی خاوەنـی ئـەو پرۆفایلانـە، دیـارە ئەمەش چەنـد هۆکارێکـی هەیـە، لـەو هۆکارانـە؛ سـەرەڕای قورئـان، زۆربـەی ئەدەبییاتـی ئیسـلامیی بـە زمانـی عەرەبییـە، بـە سـەرچاوە ئایینـی و فیقهییەکانیشـەوە. بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـا ناڕاسـتەوخۆ، زمانـی عەرەبیـی هەژموونـی خـۆی بەسـەر ئیسـلامییەکاندا زاڵ دەکات، بەشـێکیش لـە قبوڵکردنـی ئـەو زاڵبوونـە، بوونـی پەیوەندییەکـی پتـەوی گیانیـی و ئەدەبییـە لەنێـوان ئیسـلامییەکانی کـورد و عـەرەب دا. ئەمـەش وای کـردووە زمانـی عەرەبیـی بەشـی شـێری بـەر بکەوێـت لەبەکارهێنانـدا.

شەشـەم: موسـوڵمانبوونی خەڵکـی ناموسـوڵمان، بەتایبەتـی لـە ئەوروپـا. هیـچ پرۆفایلـەك نیـە لەچەنـد پۆسـتێک دا موسـوڵمانبوونی خەڵکیـی بیانیـی وەکـو دەنگوبـاس، ئامـاژەی بۆنەکرابێـت. موسـوڵمانبوون، لەلایـەك وەکـو موعجیـزە، لەلایەکـی تـر وەکـو دڵنەوایـی بـۆ ئـەو ئینتیمایـەی کـە هەڵیانگرتـووە، دووبـارە دەبێتـەوە. دڵنەوایـی بـەو مانایـەی موسـوڵمانبوونی ئەوروپاییـەکان وەکـو ئـەوە پیشـاندەدرێت، کـە سـەرنج بـدەن ئیسـلام حەقـە، بۆیـە ئەوروپاییـەکان دەبـن بـە موسـوڵمان.

حەوتـەم: سـەرەڕای ئاسـتی زانسـتیی و هاوسـەنگیی هەندێـك لـە پرۆفایلـەکان، کـە کەمیینـەن، بەشـی هـەرە زۆریـان بەتەواوەتیـی کەوتوونەتـە ژێـر هەژموونـی سـۆزێکی نامـۆی سـعودییانەوە ، ئەمـەش بەڵگـەی کاریگـەری ئـەو ئەدەبیاتانەیـە، کـە لەوێـوە دێنـە ژوورەوە. بـۆ نموونـە لەپرۆفایلـی ژمـارە (١١) بـاس لـە حەرامێتـی شـۆفێرییکردنە لـە لایـەن ژنانـەوە، دەکات. هەروەهـا لـە پرۆفایلـی ژمـارە (١٤) دا هاتـووە:

"أتعجـب مـن بعـض الرجـال يغطـون سـياراتهم مـن الخـدش والغبـار و أشـعة الشـمس، ولا يغطـون زوجاتهـم و بناتهـم خوفـا مـن اللـه" (پرۆفایلـی ژمـارە ١٤، ٢٠١٦).

قسـەکە لێـرەدا لەسـەر ڕاسـتیی و ناڕاسـتیی خۆداپۆشـین نییـە، بەڵکـو لەسـەر ئـەو بەراوردکارییەیـە کـە پەنـای بـۆ دەبـەن. واتـە لەلایـەك، ژن مرۆڤـە و ئۆتۆمبێـل نییـە بـۆ ئـەوەی لەکاتـی پارککـردن دا داپۆشرێـت. لەلایەکی تـرەوە، پیاو کـە قسـە دەکات لـە پێگەیەکـی بـاڵاوە بەرامبـەر ژن قسـە دەکات. قەدەغەکردنـی ژن لەهەندێـك پیشـە و شـوفێریی، هـەر دەچێتـە ئـەو چوارچێوەیـە، بـەڵام بێگومـان بەنـاوی ئایینـەوە.

هەشـتەم: ئاڕاسـتەی گشـتیی ئیسـلامییەکان، لەپێـش هەمووشـیانەوە سـەلەفییەکان، دەقـەکان بـە بنەمایەکـی جێگیـر تەماشـا دەکـەن و کۆمەڵگـە بـە بنەمایەکـی گـۆڕاو، بۆیـە پێیـان وایـە دەبـێ کۆمەڵگـە ملکەچیـی دەقەکانـی ئیسـلام بـکات. بـۆ نموونـە لـە پرۆفایلـی ژمـارە (١١) دا هاتـووە:

"ئێمەی ئەهلی سوننە، کۆمەڵگە لەگەڵ ئایین دەگونجێنین نەك ئایین لەگەڵ کۆمەڵگە" (پرۆفایلی ژمارە ١١، ٢٠١٦).

هەروەهـا لـە پرۆفایلـی ژمـارە (١٢) دا هاتـووە: "ئیسـلام لەسـەر ئێمـە نەوەسـتاوە، بەڵکـو ئێمـە بـە ئیسـلامەوە ماویـن" (پرۆفایلی ژمـارە ١٢، ٢٠١٦).

هەمـوو ئـەو دەربڕینانـە، لەچوارچێـوەی دابـڕان لەکوردبـوون و لـە واقیعیـش، لەدوتوێـی پۆسـتەکانەوە بەزەقـی دەکەونـە ڕۆژهـەوە. کـۆی چەمـك و هەڵوێسـت و لێکدانـەوەکان لەسـایەی ئایدیۆلۆژیـادا، لـە وردەکاریـی دەرکەوتنـی

ئینتیما بۆ ئیسلامییزم، دەمانگەیەنێت بە یەك دەروازەی داخراو، کە لێدەرچوونی مەحاڵ دەبێت.

بەشی دووەمی شرۆڤەکردنەکان

پرسیارنامە

هاوپێچ لەگەڵ شیکردنەوەی بەشێك لە ناوەڕۆکی پرۆفایلەکانی زۆربەی ئەوانەی لە پرسیارنامەکەدا بەشدار بوون، لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێت، ئەنجامی وەڵامی پرسیارنامەکە شرۆڤە بکرێت. لێرەدا، بەخستنەڕووی دایەگرامەکان، یەکە یەکەی پرسیارەکان شییدەکرێنەوە.

یەکەم: چ جۆرە موسوڵمانێك؟

لەوەڵامی یەکەم پرسیاردا: خۆت بە چ جۆرە موسوڵمانێك دەزانیت؟

مەبەست لە وروژاندنی ئەو جۆرە پرسیارە؛ بۆ ناسینەوەی هەموو ئەو ئاڕاستانەیە کە پەیوەندییان بە ئینتیماوە هەیە، گرنگە. بژارەکان بەو جۆرەن:


١. تەنها موسوڵمان

٢. موسوڵمان و لەسەر ڕێبازی سەلەفی ساڵح (سەلەفیی)

٣. موسوڵمان و سوننی مەزهەب

٤. ئیسلامیی

٥. جۆرێکی تر، تکایە دەستنیشانی بکە...





دایەگرامی ژمارە (٢)

وەکو ئەوەی لە دایەگرامەکەدا دیارە، ٥٠٪ ی بەشداربووان پێیان وایە موسوڵمانن و سوونیی مەزهەبیشن، بەو مانایەی نەك تەنها هەر موسوڵمانبوون، بەڵکو سوننیبوونیش وەکو وردە ناسنامەیەك گرنگیی خۆی هەیە. تەنها موسوڵمان بوون لەدیدگای ئەو بەشداربووانەدا، ئەو ناسنامەیە بە کەم و کووڕیی دەهێڵێتەوە. جگە لەوەش، ٣٥٪ خۆیان بە سەلەفیی دەزانن و هەمان پێوەر بۆ ئەوانیش ئەوەیە کە بە تەنها موسوڵمانبوون، ناسنامەکە بە تەواوی دەرناخات و بە تایبەتریش لە موسوڵمان بوون، سەلەفییبوونە. لێرەدا تەواوی سەلەفییەکانیش خۆیان بە سوونیی دەزانن و بەبێ سڵەمینەوە شیعە بەکافر دەزانن، بۆیە دەتوانین ئەوە بڵێین کە ٨٥٪ خۆیان بە سوونیی دەزانن. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە لە زاڵبوونی نەفەسی مەزهەبداریی بەسەر ئیسلامییەکان دا. هەرچەندە

بەشـداربووان بۆیـان هەبـوو زیاتـر لـە وەڵامێـك هەڵبژێـرن، بـەڵام تەنهـا ٢٣٪ بـەوە ڕازیبـوون کـە تەنهـا موسـوڵمان بـن بەبـێ هیـچ وردە ناسـنامەیەکی تـر. ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی ئـەو واقیعەیـە کـە ئەمـڕۆی هەرێمـی کوردسـتان تێـی کەوتـووە. واقیعێـك لەژێـر دوو بارسـتایی دا، یەکـەم: ناوخۆییـە، کـە تـەواوی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان لەدۆخێکـی خـراپ دا دەژیـن، بـەو مانایـەی نـە سـتراتیژیەتێکی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیـی، نـە پەروەردەییـش بـۆ ئاینـدەی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان هەیـە، نـە لـە ڕوی ئابووریيشـەوە، سـەقامگیير و ئارامـە. بارسـتایی دووەم: دەرەکییـە و پەیوەندیی بـەو ململانـێ مەزهەبییـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتەوە هەیـە، کـە کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان، دانـاوە.

دووەم: تەنهـا موسـوڵمانبوون لـە وەڵامـی پرسـیاری دووەم دا؛ بەڕێزتـان وەکـو موسـوڵمانێك لـە کوردسـتان کام لـەم دەسـتەواژانەت پـێ ڕاسـتە؟ وروژاندنـی ئـەم پرسـیارە، دووپاتکردنـەوەی پرسـیاری یەکەمـە لـە فۆرمێکـی تـردا، کـە هـەر پەیوەندیـی بـە ئینتیـماوە هەیـە.




دایەگرامی ژمارە (٣)

بژاردەکان بۆ بەشداربووان لەم پرسیارەدا بەمجۆرەی خوارەوە بوون:

١. تەنها موسوڵمانبوون گرنگە سەر بە هەر نەتەوەیەك بن

٢. کووردبوون بەبێ موسوڵمانبوون، هیچ گرنگ نیە، هەردووکیان بەیەکەوە گرنگن

٣. تەنها کوردبوون گرنگە سەر بە هەر چ ئایینێك بن


٤. تەنها مرۆڤبوونم بەلاوە گرنگە سەر بە هەر چ نەتەوە و ئاینێك بن

ئەگـەر لـەو چارتـەی سـەرەوە وردبینـەوە، وەڵامەکانـی پرسـیاری یەکـەم پشتڕاسـت دەکاتـەوە، چونکـە بازنـە گەورەکەی موسـوڵمانبوون بـژاری یەکەمـی ئیسـلامییەکانە و ٥١٪ دەنگیـان بـۆ ئـەو بـژارە داوە. ئینجـا بـژاری دووەم و سـێیەم، جەختکردنـەوەن لەسـەر کوردبـوون، ئاخـۆ کووردبـوون بەتەنهـا هیيـچ قورسـاییەکی لای ئـەو بەشـداربووانە هەیـە؟ لـەدووەم بـژاردا، بەشـداربووان جەختیـان لەسـەر ئـەوە کردۆتـەوە کـە کوردبـوون بەبـێ موسـوڵمانبوون هیـچ گرنـگ نییـە. وەڵامـی سـێیەم، بەتەواوەتـی جەخـت لەسـەر ئەوەیـان دەکاتـەوە، چونکـە تاکـە بەشـداربوویەکیش دەنگـی بـۆ

کوردبوون نەداوە، کە تەنها جەختکردنەوە لەسەر کوردبوون بەشێوەیەکی ئەبستراکت (موجەررەد). ئەمەش دووپاتکردنەوەی هەژموونی ناسنامەی موسوڵمانبوونە بەسەر کوردبووندا.

سێیەم: موسوڵمان کێیە؟

پرسیاری سێیەمیش هەر لەهەمان بازنەدایە؛ ئاخۆ موسوڵمان بەلای بەشداربووانەوە کێیە؟




دایەگرامی ژمارە (٤)

بژارەکان بەم جۆرەی خوارەوە بوون:

١. کەسێکی ئیمانداری موسوڵمان ئەگەر پابەندیش نەبێت بە بنەماکانی ئیسلام

٢. کەسێکی ئیمانداری موسوڵمانی پابەند بە بنەماکانی ئیسلام، ئەگەر عەلمانییش بێت

٣. کەسێکی ئیمانداری موسوڵمانی پابەند بە بنەماکانی ئیسلام، هزری عەلمانیی نەبێت

٤. کەسێکی ئیمانداری موسوڵمان پابەند بە بنەماکانی ئیسلام و، ئینتیماشی بۆ یەکێك لە حیزبە ئیسلامییەکان هەبێت

٥. کەسێکی ئیمانداری موسوڵمان و ئەهلی سەلەف و، بڕوای بە جیهادکردن لەپێناوی خوادا هەبێت

٦. کەسێکی ئیمانداری موسوڵمانی پابەند بە بنەماکانی ئیسلام و، لەسەر مەنهەجی سەلەف بێت

ئەوەی کە لەوەڵامەکاندا بۆ ئینتیمای موسوڵمانبوون بەلای بەشداربووانەوە یەکلاکەرەوەیە و، بۆ توێژینەوەکەش سەرنجڕاکێشە، دوو خاڵی گرنگن، یەکەمیان؛ موسوڵمانبوون، جگە لە پابەندبوون بە بنەماکانی ئیسلام، نابێت هزری عەلمانییشی هەبێت. بەپێی ئەو چارتە بێت، ٥٠٪ی بەشداربووان پێیان وایە ئەوەی ئینتیمای بۆ ئیسلام هەبێت، نابێت هەڵگری هزری عەلمانیی بێت. ئەمەش زۆر جێگای سەرسوڕمان نیە، چونکە وتاری ئیسلامییەکان بەگشتیی لەسەر عەلمانییەت ڕۆشنە، وەکو پرۆفایلی ژمارە (٩) دەڵێت:

"وەزارەتی ئەوقاف، وتاری هەینی لە مزگەوتەکان کەمدەکاتەوە، نەعلەت و غەزەبی خواتان لەسەر بێت وەزارەتی دژە ئیسلام" (پرۆفایلی ژمارە ٩، ٢٠١٦).

کەواتە، کێشە لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف ئەوە نیە کە بۆ نموونە گەندەڵە، یا مووچەی فەرمانبەرانی دابین

ناکات، بەڵکو چونکە وتاری هەینی لەمزگەوتەکان کەمدەکاتەوە. تەنها بە کەمکردنەوەی وتاری هەینی، ئەم وەزارەتە بەر نەفرەت دەکەوێت و دەشبێت بە دژە-ئیسلام.

دووەم خاڵ، کە جێگای سەرنجڕاکێشانە، بژاری پێنجەم و شەشەمە کە بریتین لە:

٥. کەسێکی ئیمانداری موسوڵمان و ئەهلی سەلەف و بروای بە جیهادکردن لەپێناوی خوادا هەبێت

٦. کەسێکی ئیمانداری موسوڵمانی پابەند بە بنەماکانی ئیسلام و لەسەر مەنهەجی سەلەف بێت


هەردوو بژارەکە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و بەیەکەوەش ٣٨.٢٪ دەنگیان بۆ دراوە. لەهەردوو خاڵەکەدا، سەلەفیبوون وەکو مەرجێك بۆ موسوڵمانبوون، دانراوە. بەڵام لە بژاری پێنجەم دا، برواهەبوون بە جیهاد، زیاد کراوە بۆی، واتە هەم سەلەفیی و هەم جیهادیی بێت، کە لە ٢٠.٦٪ بە جیا دەنگیان بۆداوە، واتە نزیکەی چارەکێکی بەشداربووان. ئەم ڕێژەیە لە ئینتیمابوون بۆ هزری جیهادیی لە ٣٤ بەشداربووان دا، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی لە تەواویی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، بە زۆر دادەنرێت.

چوارەم: حکومەتێکی کوردیی یان ئیسلامیی؟

دوای ئەوەی کە چوارچێوەی موسوڵمانبوونمان دیارییکرد، هەژموونی ئەو ناسنامەیەمان بۆ دەرکەوت، کە بریتیبوو لە لاوازییەکی زۆر بۆ ناسنامەی کوردبوون، لێرەدا بە جۆرێکی تر، هەوڵدەدەین وەڵامەکانی پێشوو پشتڕاست بکەینەوە.

بۆ وەڵامی پرسیاری چوارەم، کە لە چارتەکەدا دیاریکراوە:

خۆت دەزانیت گەلی کورد بەسەر چوار دەوڵەت دا دابەشکراوە. ئەگەر یەکێك لەو پایتەختانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، حوکمێکی ئیسلامیی بێت، لە هەموو هەرێمی کوردستانیش حوکومەتێکی عەلمانیی هەبێت، کامیانت بەلاوە فەرزترە و لەشەڕ و لە ئاشتیی دا، لەگەڵ کامیان دەبیت؟




دایەگرامی ژمارە (٥)

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، سێ بژاردەمان دیاریکردوون کە بریتین لە:

١. حوکومەتە ئیسلامییەکەی پێتەختی دەوڵەتی مەرکەزی


٢. حوکومەتە عەلمانییە کوردییە خۆماڵیەکە

٣. هیچ کامیان

وەڵامەکـە، زۆر بـە ڕۆشـنی پێـمان دەڵێـت؛ کـە بەشـداربووان ناسـنامەی موسـوڵمانبوون دەخەنـە پێـش ناسـنامەی کوردبوونـەوە. لێـرەدا یـەك ئیشـكالییەت هەیـە، لـەوە دەچێـت هەندێـك لـە بەشـداربووان کـە مافـی زیاتـر لـە هەڵبژاردنـی بژاردێکیـان هەبـووە، دەنگیـان بـۆ خاڵـی سـێیەم و چوارەمیـش داوە. بەشـێکی لـەو ئیشـكالییەتە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە هەندێـك لـەو کەسـانە هێشـتا بەتەواوەتـی خۆیـان یەکلاییەکردۆتـەوە و لەنێـوان هـەر سـێ بژاردەکـەدا دامـاوان. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ڕێـژەی ٦٤.٧٪ ڕێژەیەکـی زۆر زۆرە کـە ئامـادەن پشـت بـە دەوڵەتـی ناوەندیـی ببەسـتن لـەدژی دەوڵەتـی کوردیـی، تەنهـا لەبـەر هـۆکاری عەلمانییبـوون، کـە ئـەوەش ڕێژەیەکـی زۆرە و هۆکارەکـەش تەنهـا ئایدیۆلۆژییاییـە.

پێنجەم: هەوڵدان بۆ گۆڕینی حكومەتی كوردیی

لـە وەڵامـی پرسـیاری پێنجـەم دا؛ ئایـا هـەوڵ دەدەیـت ئـەو حکومەتـە عەلمانییـە کوردییـە بگۆڕیـت بـۆ حکومەتێکـی ئیسـلامیی؟ کـە لەچارتـی ژمـارە (٥) دایـە:





دایەگرامی ژمارە (٦)

وەڵامەکـە، کـە پەیوەنـدی بـە پرسـیاری پێشوتریشـەوە هەیـە، ٨٨.٢٪، واتـە ٣٠ کـەس باوەڕیـان بـە گۆڕینـی حکومەتێکی عەلمانیـی هەیـە بـۆ حکومەتێکـی ئیسـلامیی. ئەمـەش هەسـتی بەهێـزی ئینتیـما بـۆ موسـوڵمانبوون پشـت ڕاسـت دەکاتـەوە، تەنانـەت، وەکـو ئـەوەی لـە چارتەکـەی پێشـوودا هاتـووە؛ هەروەهـا لـە چارتـی شەشـەمیش دا لـە فۆرمێکـی تـردا جەختـی لێکراوەتـەوە؛ ئامـادەن پشـت بـە حکومەتەکانـی ناوەندیـش ببەسـتن ئەگـەر ئیسـلامیی بـن، کـە حکومەتێکـن لەچـاوی زۆرینـەی کـورددا، وەکـو داگیرکەرانێـک تەماشـا دەکرێـن.

شەشەم: گۆڕیین بە پشتیوانیی كێ؟

ئـەم دایگرامـە و ژمارە (٤) یـش لەیەکـەوە نزیکـن و، جەخـت کـراوە لەسـەر پشـتیوانیی بـۆ بەدەسـتهێنانی گۆڕانکاریی. لـەم جـۆرە دۆخـەدا، مرۆڤـەکان ئینتیمایـان لەکێـوە نزیکـترە، پەنـا بـۆ ئـەو لایەنـە دەبەن.




دایەگرامی ژمارە (٧)

لێرەدا بژارەکان بەم جۆرەی خوارەوە بوون:

١. بەپشتیوانی دەوڵەتی مەرکەزی، یا هەر دەوڵەتێکی دی، کە حوکم بە ئیسلام دەکات

٢. بەپشتیوانی دەوڵەتی مەرکەزی، یا هەر وڵاتێکی ئیسلامی بێت، حوکم بە ئیسلام بکات یان نا

٣. هەوڵی گۆڕینی دەدەم، بەڵام پشت بە هیچ دەوڵەتیك نابەستم، ئیسلامی یا نا ئیسلامی


٤. بەدڵ پێم ناخۆشە، بەڵام دەیدەمە دەست خودا و هیچم لەدەست نایەت

بـەڵام ئـەوەی جێـگای تێبینییـە، ٦٧.٦٪ ی بەشـداربووان لـەم وەڵامـەدا، زیاتـر بەباشـیان زانیـوە پرۆسـەی گۆڕانکاریـی بـە پشـتیوانیی هییـچ دەوڵەتێـك نەبێـت، هەرچەنـدە هێشـتا لـە ٢٣.٥٪ دەیانەوێـت ئـەو گۆڕانکارییـە بـە پشـتیوانیی دەوڵەتـی ناوەندیـی بێـت. لەهەمـان کات دا، بـژاری دووەم، چونکـە ئەگەریـی حوکـم نەکـردن بـە ئیسـلامی تێدایە، هیچ دەنگێکـی نەهێنـاوە. هـۆکاری جیـاوازی لەگـەڵ پرسـیاری چـوارەم، دەکرێـت بگەڕێتـەوە بـۆ جۆرێـک لـە بەدحاڵییـوون لەنێـوان دوو بـژاردەدا، یەکەمیـان: کامیانـت بـەلاوە فەرزتـرە و لەشـەڕ و لـە ئاشـتیی دا لەگەڵیانـدا دەبیـت، دووەمیـان: پرسـی گۆڕینـی دەسـەڵاتە و ئەرکـەکان دەگۆڕێـن.

## حەوتەم: ڕێگاکانی گۆڕانکاریی

بـۆ زیاتـر دڵنیابوونـەوە لە هەڵوێسـتی بەشـداربووان سـەبارەت بە پرۆسـەی گۆڕانکاریی لە دەسـەڵاتێکی نائیسـلامییەوە، یـان عەلمانیـی، بـۆ دەسـتەڵاتێکی ئیسـلامیی، کـە زۆرینـەی بەشـداربووان دەیانەوێـت بیگـۆڕن، چەنـد ڕێگایـەك هـەن. بۆیە بـەو جـۆرە پرسیارە کـە وروژێنـدراوە، جۆرێکـە لـە تەواوکـەری پرسـیاری پێنجـەم. پرسـیارەکە دەڵـێ:

ئەگـەر بتەوێـت ئـەو حکومەتـە کوردییـە بگۆڕیـت بـۆ حکومەتێکـی ئیسـلامیی، چەنـد ڕێگەیـەك هـەن، هـەر یەکێکیانـت بـەلاوە پەسـەند بێـت، نیشـانەی ڕاسـت لەبەرامبـەری دابنـێ:




دایەگرامی ژمارە (٨)

بژارەکانی بەردەم بەشداربووان بەو جۆرە بوون:

١. لە ڕێگەی حیزبە ئیسلامییەکان و پرۆسەی دیموکراسیێتیی

٢.بە ڕێگەی پەروەردە و ئامۆژگاریی و خەباتی مەدەنیی

٣.  بە ڕێگەی جیهاد و قیتال

٤. بەدڵ پێم ناخۆشە، بەڵام دەیدەمە دەست خودا و هیچم لەدەست نایەت

دیـارە بەگشـتیی، چـۆن لـە وەڵامـی پرسـیاری پێشـوودا، زۆرینـەی بەشـداربووان بڕیاریانـداوە، کـە لەپرۆسـەی گۆڕیین دا پشـت بـە هیـیـچ دەوڵەتێکـی ئیسـلامیی یـا نائیسـلامیی نابەسـتن، هەرچەنـدە چارەکێکیـی تـر زیاتریـش لە بەشـداربووان هێشـتا ئامـادەن پشـت بـە دەوڵەتـی ئیسـلامیی ناوەنـد ببەسـتن، لێـرەش دا، ئـەوەی کـە زۆرینـەی ٦١.٨٪ دەنگـی بـۆ داوە، لایەنـی پەروەردەیـە، بـەو مانایـەی ئـەو بەشـداربووانە دەیانەوێـت لەڕێگـەی پـەروەردە و ئامۆژگارییـەوە
پرۆسـەی گـۆڕان بەڕێـوە بـەرن. ئەمـەش ڕێـك پاڵپشـتیی ئـەو دیاردەیـە دەکات کـە لـە پرۆفایلـەکان دا دەیبینیـن. وەکـو لـەو دوو وێنەیـەی خـوارەوەدا دیـارن، کـۆی پۆسـتەکانی یـەك مانگـی (٢٤) چاودێرییکـراو، تایبـەت بـە مەسـەلە ئایینییـەکان، کـە ئامۆژگاریـی و دوعاکـردن و بـواری پەروەردەکردنـە، پشـکی شـێری بـردووە و گەیشـتوونەتە (٣٨٦) پۆسـت. هەروەهـا ئـەو پۆسـتانەی کـە تایبەتـن بـە بـواری کۆمەڵایەتیـی و، بریتیـن لـە سـەردانییکردن، سەرەخۆشـیی و سـەردانییکردنی نەخـۆش و ئامادەکردنـی سـفرەی نانخـواردن و سـەیران، گەیشـتوونەتە (٣١٠) پۆسـت. هەردوویـان بەیەکـەوە دەبـن بـە (٦٩٦) پۆسـت، لەکاتێـک دا کـۆی پۆسـتەکانی بوارەکانـی تـر تێکـرا و بەیەکـەوە دەگەنـە (٢٣٣) پۆسـت. هـەردوو بوارەکـەش بەیەکـەوە پشتڕاسـتی ئـەوە دەکەنـەوە کـە ئیسـلامییەکان گرنگییەکـی لەڕادەبـەدەر بـە بـواری کۆمەڵایەتیـی و پـەروەردەی ئیسـلامیی خەڵـك دەدەن.

| National | Ductorine/ Mazhabil | Social | Plotical/ Eco-nomic | Islam/ Turkey | Islam/ Arabs | Islam/ Kurds | Islam/ EU & the rest of the World |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0 | 0 | 0 | 2 | 1 | 0 | 32 | 2 |
| 0 | 7 | 38 | 8 | 16 | 5 | 66 | 4 |
| 2 | 1 | 17 | 8 | 62 | 2 | 27 | 4 |
| 0 | 0 | 60 | 3 | 4 | 3 | 16 | 0 |
| 5 | 0 | 5 | 11 | 14 | 2 | 12 | 0 |
| 0 | 6 | 1 | 11 | 11 | 4 | 5 | 7 |
| 0 | 0 | 0 | 0 | 4 | 4 | 7 | 4 |
| 0 | 0 | 3 | 0 | 0 | 4 | 15 | 4 |
| 0 | 1 | 39 | 1 | 8 | 0 | 48 | 1 |
| 0 | 7 | 3 | 0 | 0 | 36 | 12 | 2 |
| 0 | 0 | 2 | 0 | 0 | 1 | 21 | 0 |
| 0 | 0 | 35 | 0 | 0 | 4 | 12 | 0 |
| 0 | 0 | 5 | 0 | 0 | 0 | 5 | 3 |
| 0 | 5 | 8 | 0 | 0 | 5 | 37 | 1 |
| 1 | 3 | 9 | 0 | 1 | 1 | 18 | 2 |
| 1 | 0 | 12 | 1 | 0 | 7 | 0 | 1 |
| 1 | 0 | 10 | 2 | 0 | 1 | 4 | 0 |
| 1 | 1 | 8 | 0 | 0 | 2 | 4 | 2 |
| 0 | 0 | 8 | 0 | 0 | 0 | 3 | 0 |
| 1 | 0 | 6 | 0 | 3 | 1 | 2 | 3 |
| 0 | 1 | 10 | 0 | 1 | 0 | 25 | 1 |
| 0 | 0 | 6 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| 1 | 0 | 3 | 0 | 3 | 1 | 4 | 0 |
| 0 | 2 | 8 | 0 | 3 | 2 | 8 | 3 |
| 0 | 0 | 5 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |

دایەگرامی ژمارە (٩)

پۆستەکان بەو جۆرەن:

کۆمەڵایەتی (social): ٣١٠

ئیسلامی تایبەت بە کورد: ٣٨٦

کۆی پۆستەکانی دی بە یەکەوە:٢٣٣


کۆی هەموو پۆستەکان بەیەکەوە: ٨٣٢

جگە لەو بوارەش کە تایبەتە بە بواری کۆمەڵایەتیی و پەروەردەی ئیسلامیی، جێگای ئاماژەیە باس لە بژاری یەکەمیش بکەین، کە باس لە حیزبە ئیسلامییەکان و پرۆسەی دیموکراسێتیی دەکات. لێرەدا ٪٢٦.٥ پێیان وایە حیزبی ئیسلامیی؛ یەکێکە لە ئامرازەکانی گۆڕینی دەسەڵات لە عەلمانییەتەوە بۆ ئیسلام. لەگەڵ ئەوەش ٪٢٠.٦ کە رێژەیەکی کەم نین دەنگیان بۆ بێلایەنیی و خۆدوورگرتن لەو بوارە داوە و داویانەتە دەست خوا.

هەشتەم: هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش)

ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە (داعش)، مقۆمقۆیەکی زۆری خستۆتە ناو مسوڵمانانەوە سەبارەت بەو تاوانانەی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن. ئایا زۆرینەی ئیسلامییەکان، ئەو ڕێکخراوە بەکافر دادەنێن؟ یان هەر بە لایەنی کەمەوە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی پێناسەدەکەن؟ ئینتیما، یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بایەخێکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی لەو هەڵوێستانە تێبگەین. لەو پرسیارەدا، هەوڵداوە ڕاوبۆچوونی بەشداربووان لەسەر دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە داعش، بزانرێت.

ڕا و بۆچوونی جەنابت لەسەر دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) (34 responses)




دایەگرامی ژمارە (١٠)

بەشداربووان بۆیان هەبوو یەکێك لەو بژارانەی خوارەوە یا زیاتر هەڵبژێرن:

١. دەوڵەتێکی ئیسلامیی نیە، بەڵام موسوڵمانن و کەوتوونەتە هەڵەوە

٢. دەوڵەتێکی ئیسلامییە، خزمەتی ئیسلام دەکات، بەڵام کۆمەڵێك هەڵە و کەموکوڕیی هەیە

٣. دەوڵەتێکی ئیسلامییە، خزمەتێکی گەورەی ئیسلام دەکات و لە جیهاد دایە لە دژی کوفر

٤. دەوڵەتێکی ئیسلامییە بەڵام لە تیرۆرەوە تێوەگلاوە و لەڕێی خوا لایداوە

٥. نە دەوڵەتێکی ئیسلامییە و نە موسوڵمانیشن

وەکو لە دیاگرامەکەدا دیارە، ٨٥.٣٪ ی بەشداربووان، ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی ناسراو بە (داعش)، وەکو دەوڵەتێکی ئیسلامیی ناناسن، بەڵام بە موسوڵمانیان دەزانن و پێیان وایە کەوتوونەتە هەڵەوە. ئەم بەموسوڵمان زانینە، هەمیشە دەزوویەکی ئینتیما لەو نێوەندەدا دێڵێتەوە. ئەمە ڕێژەیەکی زۆر زۆرە و پێویستیی بە تێڕامان هەیە، ئاخۆ ئەو هەڵانە چین کە ئەندامانی ڕێکخراوەکە تێیکەوتوون. ئەوەی جێگای سەرنجە، لە بژاری دووەم و سێیەم دا، بەشداربووان، ئەم ڕێکخراوە بە دەوڵەتێکی ئیسلامیی دەزانن. لە دووەم بژاردەدا، ٨.٨٪، دان بەوەشدا دەنێن کە خزمەتی ئیسلامیش دەکەن، بەڵام کۆمەڵێك هەڵە و کەموکوڕییان هەیە. ئەمەش لەئاییندا ئاساییە، چونکە لە حەدیسێک دا کە ئەلبانیی پشتڕاستیکردۆتەوە، دەڵێ: "كل بنى ادم خطاء، وخير الخطائين التوابون". ئەم ڕێژەیە لەناو کۆی بەشداربووان دا، ڕێژەیەکی کەم نییە. خۆ ئەگەر بژاری سێیەمیشی بخەینە سەر، کە جگە لەوەی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) بە دەوڵەتێکی ئیسلامیی و بە خزمەتکاری ئیسلامیشی

دەناسێنن، ٢.٩٪ ی بەشداربووان پێیان وایە لەجیهادیش دایە لەدژی کوفر. ئەمەش ئەگەر لەگەڵ بژاری دووەم دا کۆبکەینەوە ژمارەکە دەبێتە ١١.٧٪ی بەشداربووان، کە پێیان وایە هەم دەوڵەتێکی ئیسلامییە، هەمیش خزمەتی ئیسلام دەکات، بە جیاوازی برگەی سێیەمی بژارەکەوە، کە زۆرینە پێیان وایە هەندێك هەڵە و کەموکوڕییان هەن.

ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە، دوو بژارەکەی چوارەم و پێنجەمن. لە پێنجەم دا، تاکە بەشداربوویێکیش دانی بەجەرگی خۆیدا نەناوە بۆ ئەوەی بڵێت ئەم قەوارەیە هەم دەوڵەتێکی ئیسلامی نییە، هەمیش موسوڵمان نین. ئەمەش زۆر ئاساییە چونکە تا ئەمڕۆ هییچ سەرچاوە یا دەستگایەکی ئیسلامیی، ناهاتووە تەکفیریی ئەو کەسانەی بکات کە سەر بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیین (داعش). سەرەڕای ئەوەش لە بژاری چوارەم دا، ١١.٨٪ ی بەشداربووان پێیان وایە دەوڵەتێکی ئیسلامییە بەڵام لە تیرۆر تێوەگلاوە و لەڕێی خوا لایان داوە. ئەم ڕێژەیەش کەم نیە کاتێك بەشداربووان ئەگەر ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیی بە دەوڵەتێکی ئیسلامییش بزانن، بەڵام دانبنێن بەوەدا کە لەتیرۆوە تێوەگلاون و لەڕێی خوا لایان داوە. لێرەش دا، جۆرێك لە سەرگەردانیی دەبیندرێت. ئینتیما لەو دایاگرامەدا، بەتەواوەتیی ڕۆشنبۆتەوە و شەڕی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و پێشمەرگەدا، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بیرکردنەوە و ڕاوبۆچوونی ئەو بەشداربووانەدا دانەناوە، بێجگە لە بژاری چوارەم کە ١١.٨٪ پێیان وایە داعش لەڕێی خوا لایان داوە. ئەوانەش کە پێیان وایە داعش نە دەوڵەتێکی ئیسلامییە و نە موسوڵمانیشن، لەهیچ کوێیەکی دیاگرامەکەدا نابینرێن و سفری بەدەست هێناوە.

نۆیەم: سیمبۆڵە کوردییەکان

لەدوا پرسیاردا و، لە گرنگترین وێستگەی بەرامبەری پرسە ئیسلامییەکان، هەندێك لەو برادەرانەی کە بە پرسیارەکاندا چوونەتەوە، پێیان باش بوو ئەو سیمبۆڵە کوردییانەش بخرێنە ناو پرسیارنامەکەوە، ئاخۆ کامیان بەلاوە گرنگە و، باوەڕیان زیاتر بە کامیان هەیە؟

بژارەکانی ئەم دیاگرامە بریتیبوون لەوانەی خوارەوە:

١. ئاڵای کوردستان


٢. سروودی ئەی ڕەقیب

٣. پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

٤. هییچیان

وەڵامەکانی ئەم دایاگرامە، تا ڕادەیەك جێگای سەرنجن بەوەی کە جۆرێك لە ئینتیما لێرەدا دەبیندرێت بۆ پرسە کوردییەکان، بەڵام هەتا ئاستێکی زۆریش پێچەوانەن لەگەڵ تەواوی پرۆفایلەکان و لەگەڵ پرسیارەکانی تری ئەو پرسیارنامەیە. لێرەدا بۆ زانینی بەشێك لە هۆکارەکان، سێ پرۆفایل لەپرسە نیستمانییەکان دا، زۆر جیاوازن و یەکێکیان لە (٥) پۆست دا کە بەرزترین ڕێژەیە، باسکردنی دەوڵەتی و کوردیی و بۆردومانکردنی هەرێم لە لایەن تورکیا و ئێران و، کەموکوڕیی لە خزمەتگوزارییەکان، دەنگی ئەوانەش زۆرە لەکۆی دەنگدانەکەدا.

لێرەدا، ئاڵای کوردستان ڕێژەی ٤٤.١٪ی بەشداربووانی بۆخۆی بردووە، هەروەها پەرلەمانیش ڕێژەی ٣٥.٣٪ بردووە. تەنها ئەوەی کە شانسی زۆر کەم بووە، سروودی "ئەی ڕەقیبە". لەو بارەیەشەوە، هەڵوێستی ئیسلامییەکان بە گشتیی دەزانرێت، بەهۆی ناوەرۆکی ئەو مارشە نەتەوەییەوە. لەگەڵ هەموو ئەوەش دا، ڕێژەی ٣٥.٣٪ باوەڕیان بەهییچ لەو سیمبۆڵانە نییە و، جۆرێك لە هارمۆنیی لەگەڵ تەواوی پرسیارەکان دا دەبیندرێت.




دایەگرامی ژمارە (١١)

## پەراوێز:

(١). مەبەسـت لـە ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامیی؛ ئـەو دونیابینییـە پانئیسـلامییەیە، دەتوانیـن بڵێیـن لەگـەڵ دامەزراندنـی ئیخـوان ئـەل موسـلیمین لـە ١٩٢٧، ڕەهەندێکـی راسـتیینە (جیددیـی) و ڕێکخراوەیـی وەرگـرت. لـەو مێـژووەوە، ئەوەی کـە دواتـر بـە ئیسـلامی سیاسـییش نـاوی دەرکـرد، فۆرمێکـی فرە-ڕەهەنـدی ئایدیۆلۆژیایـی وەرگـرت. لێـرە بـەولاوە، چییـتر، بەتەنها ئیسـلامێکی سـوننەتیی (تەقلیدیـی)، لەچوارچێـوەی پابەندبـوون بـە پایەکانـی ئیسـلاممان نییـە، بەڵکـو لـە پـاڵ ئـەوەدا ئیسـلامی سیاسـیی بەهەمـوو لـق و باڵەکانییـەوە، لەوپـەڕی کرانەوەیـان تـا دەگاتە ئەوپـەڕی ڕادیـکاڵ و توندڕەوەکەیـان، کـە لـە پانتایـی ئیسـلامی تەقلیدیـدا کار دەکـەن، وەکـو ئیسـلامێکی ئایدیۆلۆژیاخـواز نـاسران و، بەبەردەوامیـی کار و بەرنامـەی خۆیـان بـرەو پێـدەدەن.

(٢). ناسـنامەی موسـوڵمانبوون، وەکـو ناسـنامەی سـەرەکیی، لـە نـاو پاکسـتانیی و هەندێك نەتـەوەی تردا، بەشـێوەیەکی بەربـڵاو کەوتۆتـە ڕۆژهـەوە. بێجگـە لـەوەش کـورد، بـە بەردەوامیـی ڕووبـەڕووی پرسـیاری (سـەرەتا تـۆ کوردیـت یـان موسـوڵمان؟) لەلایـەن گەلانـی سەردەسـتی ناوچەکـە، بەتایبەتیـش عـەرەب، دەبێتـەوە. ئـەو هەوڵـە لەلایـەن زۆرێـك لـە ئیسـلامییەکان کاری لەسـەر کـراوە و دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی سـەرەتا موسـوڵمان بـن، پاشـان کـورد.

(٣). لـەم توێژینەوەیـەدا، تەنها باشـوور وەکـو کێڵگـەی توێژینـەوە دیاریکـراوە. ئـەو چوارچێوەیـەی کـە لێرەدا باسـی لێوەکـراوە، لەوانەیـە لـە باکـوور و ڕۆژهـەڵات زۆر گونجاوتـر بێـت، بـەڵام بـۆ دروسـتنەبوونی ئاڵۆزیـی لەلایـەك و لەلایەکـی دیکـەوە، بەهـۆی بوونـی هەندێـك جیاوازیـی لەنێـوان پارچەکانـی کوردسـتان، سـەرەڕای ئـەوەش کـە دەسـت گەیشـتن بـە بەشـداربووان لـەو پارچانـەدا زۆر زەحمەتـە، بۆیـە بـە بـاش زانـرا لـەو قۆناغـەدا توێژینەوەکـە سـنووردار بکرێـت لـە باشـووردا و، لەدەرفەتـی تـردا پارچەکانـی تریـش بەسـەربکرێنەوە.

(٤)...... هو سماكم المسلمين من قبل وفي هذا ......" (الحج:٧٦).

(٥). أفترقـت اليهـود علـى احـدى وسـبعين فرقـة، وأفترقـت النصـارى علـى أثنتيـن وسـبعين فرقـة، وسـتفترق هـذه الأمـة علـى ثـلاث وسـبعين فرقـة، كلهـا فـى النـار الا واحـده، قيـل: مـن هـي يـا رسـول اللـه؟ قـال: مـن كان علـى مثـل مـا أنـا عليـه واصحـابي. وفـى بعـض الروايـات: هـى الجماعـة. رواه أبـو داود والترمـذى وأبـن ماجـه والحاكـم، وقـال: صحيـح

علـى شرط مسـلم.

(٦). هـذا الحديـث رواه مسـلم (١٤٥) عـن ابـى هريـره قـال: قـال رسـول اللـه (ص): (بـدأ الاسـلام غريبـا، وسـيعود كـما بـدأ غريبـا، فطوبـى للغربـاء).

(٧). سـەبارەت بـە سـەلەفییەت؛ ڕاسـتە کـە سـەلەفییەکان باوەڕیـان بـە حیزبـی سیاسـیی نییـە، بـەڵام ئـەوان لەهەمـوو حاڵەتێکـدا گرووپێکـن بـە خەسـڵەتی تایبەتـەوە. خۆیـان لەخەڵکـی گشـتیی جیادەکەنـەوە. ئـەوان نـەك هـەر هەمـوو ئـەو خەسـڵەتانەیان تێدایـە، کـە لەپێناسـەی ناسـنامەیەکی تایبـەت دا هـەن، بەڵکـو خۆیـان بـە گرووپـی ڕزگاربـوو (الفرقـة الناجیـة)دا دەبیننـەوە و، هەمـوو خەڵـك و گرووپەکانـی تریـش بەئەهلـی هاوبەشـیی پەیداکـردن (شـیرك) و گومڕابـوون (زەلالـەت) دەبینـن. بۆیـە؛ سـەلەفییەت ئەگـەر پرۆژەیەکـی سیاسـییش نەبێـت، پرۆژەیەکـی ئایدیۆلۆژیایـی شـۆڤێنییە، چونکـە باوەڕییـان بـە باڵابوونـی خۆیـان و خۆجیاکردنەوەیـان هەیـە. هـەر ئەمەشـە کـە گرووپـە سـەلەفییە ڕادیکاڵـەکان وا لێـدەکات باوەڕییـان بـە پاکتاوکردنـی جەسـتەیی نەیـارە موسوڵمانەکانییان هەبێت. لەلایەکـی دیکەشـەوە، دەبـێ ئەوەمـان لەبیـر نەچێـت کـە تـەواوی پـرۆژە سیاسـییە ئیسلامییەکان لـەڕووی پێـڕەوەوە (مەنهەجـەوە)، خۆیـان بـە سـەلەفیی دەزانـن و لەسـەر ئـەو بنەمایـەش خواپەرسـتیی دەکـەن و خۆیـان لەخەڵکـی تـر جیـا دەکەنـەوە، بێگومـان بـە ئاسـتی جیـاوازەوە.

(٨). ئیسـلامییزم ئایدیۆلۆژیایـە و، مـەرج نییـە ئـەوەی لەنـاو حیزبێکـدا کار نـەکات، بـەڵام هەڵگـری هەمـان خەسـڵەت و ئایدیۆلۆژیـای ئیسـلامییەکان بێـت، بەئیسـلامیی حیسـاب نەکرێـت. لێـرەدا پەنـد بـە چوارچێـوە حیزبییەکـە نییـە، بەڵکـو بـە ئایدیۆلۆژیاکەیـە کـە هەمـان دونیابینیـی ئیسـلامییەکی حیزبیـی هەیـە.

(٩). تێکهەڵبوونێکـی زێدەڕۆیانـە لەگـەڵ خـود و خۆبەگرنگزانینـی خـود، کـە زۆربـەی جـاران بـۆ داپۆشـینی نائارامیـی یـا هەسـتنەکردن بـە ئاسـایش دروسـت دەبێـت. لـە تێرمەکانـی فرۆیـددا، نارسسـیزم دۆخێکـە کاتێـك دروسـت دەبێـت کـە ئیگـۆ (الانـا) خـودی خـۆی وەکـو بوونەوەرێکـی خۆشەویسـت تەماشـاکرد. هەندێـك ئاسـتی نارسسـیزم لەزۆربـەی تاکەکانـدا هـەن، بـەڵام کاتێـك لـە پلەیەکـی زێـدەڕۆدا دەردەکەوێـت، لەوانەیـە ببێتـە ناسـەقامگیریی لـە کەسـایەتیی دا" (مارتـن، ٢٠١٥). یاخـود وەکـو لـە فەرهەنگـی سۆسـیۆلۆژیی دا هاتـووە: "نارسسـیزم لـە ژیانـی ڕۆژانـەدا دەردەکەوێـت وەکـو هێمایـەك بـۆ خـۆ- خۆشویسـتن، یـا خودپەسـەندکردن "ئیگۆیـزم". ئـەو چەمکـە (کۆنسـێپتە) لـە تیـۆری شرۆڤەکردنـی سـایکۆلۆژیای ئەرثۆدۆکسـیی دا، زیاتـر مانایەکـی تەکنیکیـی هەیـە. نارسسـیزمی سـەرەتایی ئامـاژە بـە خـود خۆشویسـتی دەکات، کـە فرۆیـد پێـی وایـە پێویسـتە توانـای ئـەوەی هەبێـت پێـش خۆشەویسـتی ئەوانـی تـر بکەوێـت. ئـەو قۆناغـەی پەرەسـەندن تایپێکـە مانـا پێچەوانەکەشـی لەخـۆ دەگرێـت کـە ڕق لەخۆبوونەوەیـە" (سـکۆت، ٢٠١٦).

(١٠). "وقيادة المسلمين لا يصلح لها الا العرب، وما يبغي أن ينازعهم عليها أحد" (الغزالي، ٢٠٠٥:١٥).

(١١). "ولا نعنـي بالعروبـة هنـا الجنـس، بـل نعنـي اللسـان. ولا نعنـي النسـب القريـب أو البعيـد، ولا الـدم النقـي أو المختلـط، بـل نعنـي العـرب جميعـا، سـواء الصريـح الاصـل أو المسـتعرب الـذى كان ينتمـي الـى أي جنـس آخـر فـى أي قـارة مـن قـارات الدنيـا. فـما دام انسـلخ مـن جلدتـه الاولـى، ودخـل فـى هـذه الامـة الجديـدة، مذيبـا نفسـه فـى كيانهـا، مندمجـا بأفـكاره ومشـاعره فيهـا، أصبـح منهـا دون نكيـر ولا غرابـة. ونحـن نـرى أبـا حنيفـة فقيهـا عربيـا، وصـلاح الديـن قائـدا عربيـا، وسـيبويه والزمخـشري والـرازي علـماء عربـا" (الغزالـى، ٢٠٠٥:١٥/١٦).

**The Affiliation between Kurdishness and Islamism**

**Abstract**

Do the Kurdish Islamists in southern Kurdistan affiliate with their nation or religion.  This type of affiliation is one of the current problems faced in southern Kurdistan, and it requires more attention in order to clarify its future. This issue must be approached tentatively to prevent assumptions around the conflict between those who are carrying one of these two affiliations. To approach the appropriate answer to this problem, some questions need to be raised: do the followers of the ideology of political Islam belong to Kurdishness, Islamism, both, or none of them? Is the tendency of their purpose to affiliate with their Kurdishness or their Islamism? In order to answer these questions, two different overlapping methods have been used. The first is to monitor the Facebook profiles of a group of people affiliated with Islamic parties or those who sympathise with Islamism. The second method is to send a questionnaire to those whose profile has been monitored. The participants are considered to be Salafists, members of the Islamic parties in Kurdistan, or Islamist sympathisers. The research will monitor the proportion of national and religious cohesion, in addition to the attitudes and the level of involvement and detachment of these people, from the experience of the political authority in the Kurdistan region. This will be done through the questionnaire, and through examining the importance of subjects shared on the Facebook profiles monitored for a period of more than one month. The aim is to show whether they desire to change the political system in the Kurdistan region and, if so, what .methods they are pursuing, and whether they are likely to resort to violence or democratic methods

سەرچاوەکان:

Al-Gazali, M. (2005). The reality of the Arabic Nationalism, [Haqiqat alqawmiyah al-Arabyiah: Ejept Enahda Company

Burke, P.J. and Stets, J.E., 2009. Identity theory. Oxford University Press.

Burr, V., 2015. Social constructionism. Routledge.

Calman, L., 2006. What is grounded theory? The University of Manchester.

Docs.google.com, 'questionalire form', 2016, https://docs.google.com/forms/d/1v604QXHt7coqe5OeBQ3vb7cPs_QvUzEaeWG_qKu46J0/edit [access 15 August 2016].

Dunning, E., & Hughes, J. (2013). Norbert Elias and modern sociology: Knowledge, interdependence, power, process. London: Bloomsbury Academic.

Elias, N., & Scotson, J. L. (2008). The established and the outsiders. Dublin: University College Dublin Press.

Hick, J. (2002). Philosophy of religion. Pearson.

Ibn Katheer (1997). Tafseer Ibn Katheer. Riyadh: Dar Teeba for Publishing and Distribution.

Insaniyat.revues.org, 'hard identity and soft identity', 2006, 'http://insaniyat.revues.org/4824#ftn1, [accessed 25 August 2016]

Islamweb.net, 'the interpretation of the Hadith: and my nation will divide into 73 groups', 4 Sep 2006, http://fatwa.islamweb.net/fatwa/index.php?page=showfatwa&Option=FatwaId&Id=76858, [accessed 24 Aug 2016].

Islamqa.info, al-Hadith: 'Islam began as something strange', 3 Jul 2003, https://islamqa.info/ar/45855, [accessed 24 Aug 2016].

Islamweb.net, 'Takfir wal Hijrah; ideas of its founder', 20 Nov 2002, http://fatwa.islamweb.net/fatwa/index.php?page=showfatwa&Option=FatwaId&Id=24860, [accessed 27 Aug 2016].

Jensen, J. S. (2014). What is religion? London: Acumen.

Martin, E. A. (2015). Concise medical dictionary. Oxford: Oxford University Press.

Mehmet, O., 2002. Islamic identity and development: Studies of the Islamic periphery. Routledge.

Peek, L., 2005. Becoming Muslim: The development of a religious identity. Sociology of Religion, 66(3), pp.215242-.

Scott, J. ed., 2006. Sociology: The key concepts. Routledge.

Scott, J. (2016). Dictionary of sociology. Online Version: Oxford University Press.

Startimes.com, 'every son of Adam is a sinner and the best of the sinners are the ones how Repent', 8 Nov 2009, http://www.startimes.com/?t=20273305, [accessed 1 Sep 2016].

Turner, J.H. ed., 2006. Handbook of sociological theory. Springer Science & Business Media.

Zine El Abidine, M. S. (2009). The Muslim community (Jamaat ak-Muslimin). London: DAR AL-JABIA.